# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە (17) 1/12/2017 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە


دیمانە سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٧٠٠٠ هەزار لەکرێکارانی قەسابخانەکانی Danish Crowan Tican ل٢

# حکومەتی کاتی و هەڵبژاردن، رێگاچارەنین، رێگاچارە کۆتاییپێهێنانە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی!

## وتەی ژمارە

روداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر، ئاڵوگۆرێکی گەورەی بەسەر هاوسەنگی هێزی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ناسیونال-ئیسلامی شیعی دەسەڵاتداردا، هێناو بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی توشی پاشەکشەیەکی گەورە کرد. بزوتنەوەی کوردایەتی ئەگەر لەساڵی ١٩٩١ دا و بەخۆبەستنەوەی بە جەنگخوازی ئەمریکاو غەربەوە توانی دەستی بە دەسەڵات و بەشداری دەسەڵاتی لەناوەندا بگات، ئەوا ١٦ ئۆکتۆبەری ئەمساڵیش بە خۆشباوەری بە ئەمریکاو غەرب، و خۆشخزمەیەکی چاوەروانکراوی باڵیکی یەکێتی، گلۆڵەی دەسەڵاتداریتیەکی کەوتە لێژی و بەشێکی یەکجار زۆر لە قەڵەمڕەویەکەی لەئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و جغرافیاو دیبلۆماسی و ... لەدەستدا.

ئەم پاشەکشەیە لەسەردەستی هیرش و ملهوری حکومەتە کرێگەتەکەی عەبادی و نۆکەرەکانی، رویداو لەئیستادا هاوسەنگی هێز بەزیانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو بە سودی بزوتنەوەی ناسیونال- ئیسلامی سیاسی شیعی دەسەڵاتدار شکاوەتەوە.

ئەم دۆخە بۆ خانەوادەی بۆرژوازی کورد، سەرباری هەر ململانێیەکی نێوخۆیان، سەرباری هەر بەرنامەو ئەجندایەکی تایبەتیان... وە تەنانەت سەرباری ئەوەی کە هەرکام لەو لایەنانە سەر بە چ بلۆک و قوتبێکی ناوچەیی و جیهانیین... لەترسی لەدەستچوونی ئەو ئەزموونەی ٢٦ ساڵە، بۆیان بۆتە سەرچاوەی دەسەڵات و دەوڵەمەندبوون... لە ژێر ناوی دۆخی تایبەتی و تیپەرین لەم ئەزمەیەی تێی کەوتوون و هەمووشیان بەرپرسیارن لەو ناکامی و شکستەدا، بە ناچار دەورەیەکی تر لە گفتوگۆ و سازانیان دەسپێکردووە. لەو نێوەدا باسی پیکهێنانی حکومەتی رزگاری نیشتیمانی، حکومەتی کاتی، بچوککردنەوەی حکومەت و دوبارە هەڵبژاردنەوە، هێنراونەتەوە گۆڕ.

دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە بەهەموو فۆرمەکانەوە خۆی ئەزموون کردووە، ئەگەر شکست و بنەبەستی ئێستای لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرالی عێراقدا، و روداوی ١٦ ئۆکتۆبەر ئاکامی تکچوونی هاوسەنگی هێزەی نیوان هەولیرو بەغدایە دوای جەنگی داعش و بەرهەمی شکستی فیدرالیزمی قەومییە... ئەوا شکست و ناکامی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان، بەرهەمی سەرکوت و بیمافی و شکستە لە وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندا. شکستی سەرەکی لێرەوە دەست پێدەکات. ئەگەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد یان بەشێکی ئەو بزوتنەوەیە لەدۆخی ئیدارەی جیاوازو هەرێم و زۆنی جیاجیادا نموونەو ئەلگۆیەکی سەرکەوتووی نیشان دابا... هەرگیز چارەنووسی بەو دۆخەی ئیستا نەدەگەیشت و لە ئاستی عێراق وناوچەکەشدا شکست دان و دارماندنی کاری چەند سەعات و سازشی چەند بودەڵەو ناخۆریکی کرێگرتە نەدەبوو.

ئەو دەسەڵات و بزوتنەوەیە... لە ٢٦ ساڵی رابردوودا بە ئاشتی و شەرەوە بە هەڵبژاردن و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی، بە حکومەتی هاوبەش و جیا و جیا، پان و تەسک و فیبفتی فیفتی، حکومەتی زۆربە و هاوبەش، بەبەشداری ئۆپۆزیسیۆن!! و بێ بەشداری ئەوان... ماوە درێژ و ماوە کورت، لە مەحەک دراوە. شکستی دوای شکست نیشان داوەو خەڵکی کوردستانی روبەروی سەخترین دۆخی ژیان و گوزەران کردۆتەوە، لەهەموو زەمینەکاندا پاشەکشەی بەسەر کۆمەڵگەدا هێناوە... لە خوێندن و پەروەردەوە بۆ تەندروستی و فەرهەنگ و هونەر، لە زانست و زانیاریەوە بۆ کەلتور ئەخلاقیات، لە ماف و ئازادیەکانەوە، بۆ یاساو ریسا و مافی تاک، لەوەرزشەوە بۆ گەشت و گوزار و.... بۆ لاپەڕە ٢

## کاپیتالیزم بەرەو دارمان دەچێ؟

لاپەرە 3

## بەڵگەنامەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر یەکتری چ راستیەک دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان!

ل3



## * مێردە موسڵمانەکەم فشاری بۆ دەهێنام ببم بە موسڵمان، منیش لە بەرئەوەی نەم دەویست، دەستی کرد بەلێدانم

ل4

## گۆشەی ژن.... ل4

## گۆشەی لەگەڵ NRT .... ل5

## سەرمایەداری هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژ بەژنانە

... ل6

## هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ل7

## لە پەراوێزی دواین ئاماری نەتەوە یەکگرتوەکان لە رۆژی بەرەنگاری توندوتیژیدا...

ل8

## سیستەمی دینی بۆترساندنە،نەک بۆ دادپەروەری ... ل9

## راپۆرتی مەراسیمی رێزنان لە یادی خەباتکارانەی هاوڕێ گوڵزار حەمە لە لاپەرە 11بخوێننەوە

## درێژەی وتەی ژمارە...

نوسین و توێژینەوە تا دەگاتە خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتیەکان... بە کورتیەکەی لەهەموو بوارێکدا چەندین هەنگاو کۆمەڵگەی بەرەو دواوە بردۆتەوە.
لەلایەکەوە ژمارەیەکی کەم سەرمایەدارو بازرگان و لەگەڵ هەموو بەرپرسە حزبی و حکومیەکان، لیستی درێژی هەموو ئەندام پەرلەمانە خانەنشیکراو ناخانەنشینکراوەکان، وەزیر و جێگر وەزیری خانەنشین کراو ناخانەنشین کراو، هەموو بەڕیوەبەرە گشتیەکان، هەموو ئەندام مەکتەب سیاسی و سەرکرادیەتیەکان، هەموو کادرە بڵند بالا سیاسیە حزبی و فەرماندە سەربازییە و راوێژکارە گەمژەکانیان... ریزی دەوڵەمەندو مەلتی ملیاردیر و ملیۆنەرن و بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانیش برسی و هەژار و بێکار و نەدارن... تەنانەت ئەو جەنابە بەرپرسە حزبیانەی فەزلفرۆشی پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخ بەخەڵکی کوردستان دەفرۆشنەوە، هەر سەعاتەکەی چەندین هەزار دۆلار لەسەر خەڵکی کوردستان کەوتوون... و ئەو کرێکارو کارمەندانەش کە رۆژانە رەنج دەدەن و ماندودەبن، موچەکەیان شایستەی باس نییەو ئەوەش ئێستا کراوەتە نیوەو چارەکە موچە.
سەرانی حزبەکانی کوردستان، باسی کام حکومەت دەکەن و کام حکومەتی کاتی؟ کام هەڵبژاردن؟ دوای ٢٦ ساڵ شکست و شکست، دزی و تالانی، بیمافی و سەرکوت، نۆکەرایەتی و تیکشکاندنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان... دەیانەوێ ئەم جارەش لە ژێر ناوی تێپەرین لەو قەیرانەی ئێستای تێی کەوتوون، پرۆژەی پێکیهێنانی حکومەتی کاتی، یان درۆی دوبارەی هەڵبژاردنەکان، بهێنەوە ئارا.
خەڵکی کوردستان و بەشی هۆشیار و تیکۆشەری دژی تالانی و گەندەڵی و نابێ ریگەبدەن سەرانی ئەو حزبانە جارێکی تر یاری بە چارەنووسی ئیستاو داهاتووی خەڵکی کوردستانەوە بکەن... رێگا چارە حکومەتی کاتی، یان هەڵبژاردن و حکومەتی تر نییە... ئەو فۆرم و ئەلگۆیانە ئەزموون کران و خۆیان کێشەو ریگری ریگاچارە کارسازو دروستەکانن. چارە کۆتاییهێنانە بەو دەسەڵاتە و سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی و رەوتگەلی دینی... چارە دەستبەسەراگرتنی داهاتی دزراوی خەڵکی کوردستانە لەلای سەرانی ئەو حزبانە لە حزب و حکومەتدا... چارە گیرانەوەی داهاتی دزراوە، چارە پەلکیشکردنی دزانی داهاتی کۆمەڵگەو نۆکەرانی وڵاتانی ناوچەکەیە بۆ بەردەم دادگای جەماوەری.
شکستدانی دەسەڵات و کەنارخستنی بزوتنەوەی کۆنەپەرست و تالانچی و خۆشخزمەتی کوردایەتی، لەرێگای خەبات و تیکۆشانی جەماوەری بەرابەری بەشێ پێشرەوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان... شکستی راستەقینەی فایرۆسی ترسناکی بزوتنەوەی کوردایەتییە و نەک شکست و پاشەکشەیان لەبەرامبەر عەبادی و حکومەتە کۆنەپەرست و ئیسلامییە نۆکەرەکەیدا. ئەو جەماوەرەی دەتوانێ بزوتنەوەی کوردایەتی رابمالێت... دەتوانێت هیرش و پلانی عەبادی و وڵاتانی ناوچەکەش مایەپوچ بکاتەوە...
کات کاتی دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەرییە، دەسەڵاتێک کە سەرچاوەی هێزی جەماوەرو بریاری جەماوەری بێت... دەسەڵاتێک کە خۆی بریار و یاسا دارێژەرو هاوکات جێبەجێکەری بریار و یاسا بێت.

# دیمانە لەگەڵ جەلیلی ڕەزایی، سەبارەت بەسەرکەوتنی مانگرتنی ٧٠٠٠ هەزار لەکرێکارانی قەسابخانەکانی Danish Crowan Tican



**بۆپێشەوە: دەتوانن بەکورتی باسی ئەو کارگەیەمان بۆ بکەن؟ کارگەکە چییە؟ کەی دامەزراوە؟ ژمارەی کرێکارەکانی چەندە؟ هەلومەرجی کار لە کارگەکە چۆنە؟**

**جەلیل ڕەزایی:** Danish Crownدانش کراون واتا قەسابخانەی دانیمارکی، لە ساڵی 1887 بۆیەکەم جار لە شاری هۆرسێنس ئەو شوێنەی کە من کاری لێ دەکەم، دامەزراوە. ساڵی 2005 ئەم قەسابخانەیە لە بناغەوە لە دەرەوەی شار بنیاد نراوەتەوە، وەک گەورەترین قەسابخانەی ئەوروپاو مۆدێرنترینی جیهان لەبواری تەکنەلۆجیاو بە ڕۆبۆتکردنەوە. یەکێکە لەم کۆمپانیا گەورە جیهانیانەی کە گلوباڵ لە سەد وڵاتی جیهان لقی هەیەو بە دەیان هەزار کرێکار کاری تێدا دەکات.
تەنها لە دانیمارک 6000 کرێکاری هەیە، تەنها لە لقی هۆرسێنس 1500 کاردەکات و ڕۆژانە 22 هەزار بەراز بە شێوازی جۆراوجۆر ئەکاتە پاکەت و ڕوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکات.
بەپێی ئەوەی کە دانیش کراون کۆمپانیایەکی گەورەو ناسراوە، هەلومەرجی کار گرنگی زۆری پێدەدرێت، تەنانەت شەرایتی باش بۆ بەرازەکان کە کوشتن چاوەڕییانە، ڕەچاو دەکرێت. کرێکارانی ئەم کارخانەیە مێژوی زیاتر لە سەدەیەک خەبات و ئەزمونیان هەیەو هەمیشە هەوڵدراوە کە کەلتوری هاوپشتی و هاوخەباتی و هاوچارەنوسی دەستی پیوەبگیرێت. ئەزمونی زۆری کەوتن و هەستانەوەمان بەرامبەر خاوەنکار هەیە.
حاسلی ئەزمونی سەد ساڵەمان ڕێکەوتنامەیەکی حاشاهەڵنەگری کۆنکرێتە سەبارەت بە هەلومەرجی کار، کە ئاسان نیە خاوەنکار بتوانێت بەسەریا تێپەڕێت.

**بۆپێشەوە: مانگرتنی حەوت هەزار کرێکار لە کرێکارانی قەسابخانەکانی Danish Crowan Ticanبەسەرکەوتن کۆتایی هات، هۆکاری ئەو مانگرتنە ڕێکەوتننامەی کاری ساڵی ١٩١٤ بووە، دەتوانن ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیە کەمێک ڕۆشن بکەنەوە؟**

**جەلیل ڕەزایی:** ئێمە پرەنسیب و چوارچێوەیەکمان هەیە بۆ شێوەی کارو هەقدەست و سەرجەم ماف و بەرپرسیاریەتیەکانمان کە لە ڕێکەوتنامەی کاردا تۆمارکراوە. ئێمە لەو شوێنی کارەمان هەمیشە پامان لەسەر ئەوە داگرتوە کە بە هاوبەش کاربکەین و وەک و یەک هەقدەست وەربگرین بەبێ جیاوازی ئەوەی کاری کامەمان قورستر یان سوکترە.
بەپێی کەلتوری کاری دانیمارک هەر دوو ساڵ جارێک ڕێکەوتننامەی تازە سەبارەت بە هەلومەرجی کار پەسەند و ئیمزا دەکرێت لەلایەن سەندیکای کرێکاران و سەندیکای خاوەنکاران و دەوڵەت.
لایەنی خاوەنکار لە 2010وە هەوڵدەدەن بەناوی چالاکترکردنەوە کۆنتەراتی هاوبەشمان لابەن و کۆنتەراتی تاکە کەسی لەجیاتی دانێن، واتە هەر کەسەو بەپێی چۆنیەتی و چەندایەتی کارەکەی کرێی بۆ تەرخان بکرێت. بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکردوە.
لەم ڕێکەوتنامەی ساڵی 2014 ئیشارەت بەوەدراوە لە هەندێک شوێنی تایبەت کە کارەکان قورسترە دەبێت کرێکار هەقدەستی زیاتر وەربگرێت. خاوەنکار هاتوە چەواشەکارانە بە فێڵبازی، لەم برگەیە تێگەیشتنێک دروست دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەیەوێت کۆنتەراتی زنجیرەیی کە هەموومان وەک یەک هەقدەست وەردەگرین هەڵوەشێنێتەوەو بە ئارەزوی خۆی هەقدەستەکان دیاری بکات.
کۆمپانیای تیکان کە سەندیکاو ڕێکەوتنی کاری هاوبەشمان هەیە، لە مانگی نیسانی ئەمساڵ بە سود وەرگرتن لەم برگەیەی باسمکرد ئەم تێگەیشتنەیان سەپاندوە کە هەرکەس بەپێی کۆنتراتی تایبەت بەخۆی هەقدەست وەردەگرێت. ئەمەش بۆتە هۆکاری فشارێکی زۆر بۆ سەر کرێکاران و وەرگرتنی هەقدەستی کەمتر.

**بۆپێشەوە: ئەم مانگرتنە بە بانگەوازی چ ڕێکخراو و سەندیکایەک، ڕێکخرا؟**

**جەلیل ڕەزایی:** (NNF Nærings- og Nydelsesmiddelarbejder Forbundet)کە نوێنەرایەتی کرێکارانی نانەواخانەکان، شیرنەمەنی، قەسابخانەکان، کارگەکانی شەکرو شوکولات و توتن دەکات و بیست و حەوت هەزار ئەندامی هەیە لە دانیمارک و لەژێر چەتری کۆمەڵە سەندیکاکانی LO ە. وە لەناو کۆمپانیاکەی ئێمەدا نوێنەرایەتی و ئۆفیسی تایبەتیان هەیە، ئەمە قابیلی قبول نەبوو بۆ سەندیکاو پاش چەند کۆبونەوەو هێنان و بردن لەگەڵ خاوەنکار، گفتوگۆ گەیشتە بنبەست. لەسەر پێشنیاری سەندیکا، کرێکاران لە سەرجەم بەشەکانی سێ کۆمپانیایە دەستیان بۆ مانگرتن برد.
بەڕێوەبەری بەشی هۆرسێنسی دانیشکراون هەر لە سەعاتی یەکەمی مانگرتن کە ڕۆژی دوشەمە 20/11/2017 کارخانەمان ڕاوەستان، هاتە کۆبونەوەکەمان و داوای لێکردین کە دەست بەکاربببینەوە، پیی ڕاگەیاندین ئەو گرێنتی دەدات تا دوو ساڵیتر کە ڕێکەوتەنامەی تازە پەسەند دەکەین، لەلای ئێمە کار بەم بەندە ناکرێت و هیچ ئاڵوگۆرێک ڕونادات، بەڵام بەپیی ئەزمونێک کە هەمانە لە گەڵ بەڵێنی خاوەنکار، بایەخمان بە بەڵێنەکانی نەداو لە دەنگدانێکی گشتی بە تێکڕای دەنگ بڕیارماندا بۆهاوپشتی هاوخەباتەکانمان بە بێ ئیشکردن بگەڕێینەوە ماڵ. ڕۆژی دووەم هەر ئەم وتانەی ڕۆژی یەکەم بە نوسراو لەسەر مێزی هۆڵی کۆبونەوەی گشتی داندرابوو، بەڵام ئێمە هەر بە هەمان نەفەس سوربوین لەسەر ئەوەی کە بە دەنگدانی گشتی گەڕاینەوە ماڵ.
ڕۆژی سێهەم ناچاربوون چۆکدابدەن و بەهەموو شێوەیەک پاشەکشە بکەن و کرێکارانی تیکان کە لەمانگی نیسانەوە ئەم یاسایەیان بەسەردا سەپابوو قەرەبوی مادی بکرێنەوە.
شایانی باسە بەدوای ئەژنۆ دادانی خاوەنکارو کۆتاییهاتنی کێشەکە بەسەرکەوتن، بەشی ئێمە ئامادە نەبوو دەست بەکاربکاتەوە بەهۆی ئەوەی نوێنەری ئێمە لەسەندیکا لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەکەمان لەم بەرامبەرکییەدا بەرخوردی شەخسی پێکرابوو وە پییانڕاگەیاندبوو کە سەری مارەکە تۆیت و قسەی کۆبونەوەکان ڕاستەوخۆ بۆ کرێکاران دەگوازیەوە. بەدوای ئەوەی نوێنەرەکەمان ئەمەی پێڕاگەیاندین ئێمە بڕیارماندا کە بەردەوامبین لە مانگرتن تا ئەوکاتەی بەڕێوەبەر داوای لێبوردن لە نوێنەرەکەمان دەکات. دیارە جاریتریش لە کێشمەکێشی تردا بەڕێوەبەرمان ناچار بە پۆزش کردوە بەرامبەر نوێنەرەکەمان بەهۆی ئەوەی نوێنەرمان لێدوانی دەربارەی دۆخی کرێکاران بۆ ڕۆژنامەیەک دابوو لەلایەن کۆمپانیاوە بە نوسراو ئینزار کرابوو، لە پرۆسەیەکی مانگرتنی سێ ڕۆژیدا لە سەرەتای ئەمساڵدا ناچارمانکردن کە پاشگەزببنەوە لە هۆشداریەکەیان و داوای لێبوردنی لێ بکەن.

**بۆپێشەوە: دوای سەرکەوتنی مانگرتنەکە، هەستی کرێکارەکان چۆنە؟**

**جەلیل ڕەزایی:** بە چەپڵە لێدان و فیکە جەژنی سەرکەوتن دەگێڕین، کاتێک بەڕێوەبەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت کرێکارانی تیکان قەربوو دەکرێنەوە هەموو بەیەکجار دەستی بەرزدەکاتەوەو هاوار دەکات بژی سەرکەوتن بژی یەکیەتی.
دیارە ئەمە زیاتر هانمان دەدات بۆ هاوپشتی و ڕێکخراوبون، هەستێکی زۆرخۆشمان هەیە کاتێک هەستدەکەین بەهۆی یەکگرتوییمان توانیمان سەرکەوتن بەدەست بهێنین. هەموومان ئامادەبوین لەسەر کار دەربکریین، بەڵام نوێنەرەکەمان یان هاوکارێکمان سوکایەتی پینەکرێت.
ئەوەی کە لەزمانی هاوکارانم دوبارە دەبێتەوە ئەوەیە کە ئێمە نابێت پشتی یەکتری بەربدەین ئەگەر پشتی ئەوان بەربدەین خۆمان لاوازدەکەین.
واتا ئەوە بڕوا بەخۆبونەمان پێدەدات ئەگەر ئێمە یەکگرتوبین و لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشمان سوربین وەک چینی کرێکار دەتوانین سەرکەوتوبین.

**بۆپێشەوە: ئەگەر پەیامێک یان شتێکتان ماوە بۆ وتن، بفەرموون؟**

**جەلیل ڕەزایی:** لێرەوە دەمەوێت ڕوی دەمم بکەمە ئەم کرێکارانەی کە ئەم گفتوگۆیە دەخوێننەوە، پێیان بڵێم هێزمان لە یەکگرتوبونمان و ڕێکخراوبونمانە، سەرکەوتن بەختەوەری و تام و چێژک دەدات بە ئینسان کە هەرگیز لەزەتی تەواو نابێت، پەیوەندی هاوڕێیانەی نێوان کرێکارەکان دەباتە لوتکە، ورە و باوڕ بەخۆبوون بەرز دەکاتەوە، دەبێت بە یادەوەرییەکی خوەش کە هەرکاتێک بیری لێدەکەیتەوە هێز و تینت پێدەبەخشێت.
ئەوانەی کە کرێکارن لە وڵاتانی دەرەوە، زۆر پیویستە بە چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە پەیوەست بن و ببنە ئەندامی سەندیکا کرێکاریەکان، ئێمە هاوچارەنوس و یەک بەرژەوەندیمان هەیە. جیاکاری مەزهەبی و ئێتنیکی تەنها بۆ شەق شەق کردنی ڕیزەکانی ئێمە و کەڵێن خستنە ناو ڕیزی چینی کرێکارە.
لەپێناوی بەدیهێنانی داهاتویەکی باشتر بە خەباتی هاوبەش چینی کرێکارەوە پەیوەست بن... زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

# بەڵگەنامەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر یەکتری چ راستیەک دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان!

نووسینی
نوری بەشیر

دەورەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، بۆ حزبەکانی کوردایەتی، دەوریەکی پڕ لەشکست و ریسواییە، کەدەرخەرتی ماهیەتی سیاسی و چینایەتیانە لە عادەت و کارنامەی ساتوسەدا چینی سیاسی بزوتنەوەی کورد. دەوریەک کەتیادا پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و کێشەی ناوخۆیان لەسەر بەرژەوەندی حزبی و بنەماڵەیی و شەخسی و پشکی زیاتر لەدەسەڵات هەیانبووە بەردەوامە. هەموو ئەم سیاسەت و کارنامەیە کەناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی هەیانە بەدژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگەیە، کە بەردەوام لەگەڵ هەر کێشەیەکی ناو خانەوادەیی، بەڵام لەدژایەتیان لەگەڵ خواست و داواکاری و مافەکانی خەڵکدا یەک بۆچون و هەڵوێست و لەبەرەیەکدا بوون و هاوڕان و لە دەیان جەبهەو سەنگەر کۆبوونەوەتەوەو روخساری دزێوی خۆیان گۆڕیوەو باوەشیان بۆ دەوڵەتانی عێراق و ناوچەکە گرتۆتەوەو پێشلەشکریان بۆ کردون و گوێ رایەڵی وڵاتانی ئیمپریالیستی بوون، تەنیا بۆ مانەوەی حزب و بنەماڵەو دەسەڵاتیان.

بەهەمانشێوە دەورەی ئێستا، شکاندنی شکۆو هەیبەتی خەڵکی کوردستانە کە بەجیا لەپاوانخوازی و کێشەکانی نێوان ئەم حزبانەی دەسەڵات و گەندەڵیەکانیان و مایەپوچی پەرلەمانە بنکە فراوانەکەیان، داسەپاندنی فەزای بێئەملی دوودڵی و فەقیری و هەژاری و سەپاندنی فەزای ترسی هێرشی وەحشیانەی داعش ئاسای حەشدی شیعیە. ئەوەی ئێستا لەناوچەکانی دوزو کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان هەریەکەیان ئەنجامی دەدەن، پاشقول لەیەکگرتن و ریکەوتن و شایی و لۆغانی دژی شکستی یەکترن بۆ ئەوەی راستی هەڵوێستی خۆیان بسەپێین، بۆ شکاندنی یەکتری وەک سەردەمی 31 ئاب حەشدی شەعبی و عەبادی بەفریادرەس دەزانن. لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریانەی لە ناوچەکانی دوزو کەرکوک و ناوچەکانی تر ئەنجامدەدرێ، هەریەکەیان خەریکی ساتوسەدان لەگەڵ عەبادی و کلکایەتی بۆ ئێران و ئەمریکا، لەدژایەتی یەکتردا ناچنە سەر کارە قێزەون و دژی ئینسانیەکانی حەشدی شەعبی و عەبادی و ئێران. واتە ئەوەی ئەنجامیان دا لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا هەمان کارنامەکانی پێشوویانە لە مێژووی سیاسی دروستبوونی حزبەکانی کوردایەتیەوە هەیە بە کۆنیان و تازە دروستبوونیانەوە، بەرەنگی کۆنی پارتی و یەکێتی و دەرکەوتنی بەبەرگی تازەی ئۆپۆزیسۆنەوە، هەموو ئەوانە شتێک نیە جیا لەدەرخەری ماهیەتی بۆرژوا ناسیونالیستی ریسوایی بزوتنەوەکەیان، ئەوانە هیچ شتێک نیە تەنیا بەڵا نەبێت بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە. ئەوەی کەدەڵێن ناسیونالیزم و قەومپەرستیەکەیان شەرمەزاری و دژی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستانە، ئەوەیە کەدەڵێن سیاسەت و ئایدۆلۆژی و کارنامەیان هەر ئەوەیە کە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە درێژەی کارنامەی پێشوویانە، وە ئێستا هەریەکەیان لەهەر 5 حزبەکەی پەرلەمان و حکومەتە شکستخواردووەکەیان خەریکی رزگارکردنی دەسەڵات و شەریکە بەشی دەورەی داهاتوون هەر لە تەرحی حکومەتی ئینقازی نیشتمانی تا گەڕانەوە بۆ لای عەبادی، کە تائێستا نە حکومەتی عەبادی و حەشدی شەعبی و قاسم سلەیمانی و ئەمریکا ئاوڕێکی جدیان لێنادەنەوەو لەچاوەڕوانیدا رایانگرتوون.

ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا روویدا، درێژکراوەی کارنامە و عادەتی ئاشبەتاڵی ساڵی حەفتاو پێنج، شەڕەکانی شاخ و تیرۆرکردنی یەکتری، ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان لە ساڵی 1991 و پێکهێنانی بەرەی دژی شوراکانی خەڵکی کوردستانە، شەڕی ناوخۆییان لە 1994 وەو کوشتاری هەزاران لەکوڕی خەڵکی کرێکارو هەژاری کۆمەڵگە،



شەڕەکانی دژی دزینی چاڵە نەوتەکان و رێکەوتنی فیفتی بەفیفتی پەرلەمان و تیرۆری رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازن و کۆمۆنیستەکانە... بەقۆنتەراتگرتنی شەڕی موسڵ و وەرگرتنی زیاتر لە چوارسەد ملیۆن دۆلار، ئیمزادان لە فیدراڵیزمی قەومی و تایفی و لکاندنی جارێکی تری کوردستان بە دەوڵەتێکی قەومی و ئیسلامی عەربییەوەو دواجار شەرمنۆکانە شکستی ئەو فیدراڵیزمەیان دانپێدانا، تەسلیمکردنی شەنگال بە داعش و بەکۆیلەکردنی جنسی و فرۆشتنی ژنان و کوشتاری بەکۆمەڵیان. 31ی ئابی 1996 و پێشلەشکری بۆ سوپای بەعس، پێشلەشکری بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران و تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، شەڕیان لەگەڵ پەکاکا دا دروستکرد، دابەشکردنی سەروەت و سامان و داهاتی کوردستان لەناو خۆیانداو بنەماڵەو لێپرسراوەکانیاندا، بوونی دەیان مستەشارو حمایەی هەر مەسئول و ئەندام پەرلەمان و سەرۆک و حزبێک، بوونی سەدان تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەو گۆڤار لەسەر داهاتی خەڵکی کوردستان و بودجەی حزبەکانیان لەو داهاتە، بڵاوکردنەوەی فەسادو گەندەڵی لەکۆمەڵگەدا و رێکەوتن و کاری قاچاخ و مافیایی لەگەڵ داعشدا، نەمانی موچە کارمەندان یان چارەکە موچە، دروستکردنی لیستی بندیوارو سیبەرو کڕینی هەزاران رۆشنبیر و قەڵەمبەدەستی ناسیونالسیت،.... رەنگە کەسانی تر بێت و سەدان بەڵگەی تریان کەلەسەر یەک وتوویانە وەک کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان وئەنفال بەم لیستەی من زیاد بکات... کە دواترینیان لەهەمووی رۆشنترو بەبەرچاوی نەک تەنیا خەڵکی کوردستانەوە بەڵکو بەبەرچاوی ناوچەکەو دنیاوە و بەئاشکرا وەک کارنامەیکی ئاساییان خەڵکی کوردستانیان فرۆشت لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا. بۆئەوەی کوڕو خێزانی خەڵکی فەقیرو هەژار نەکوژرێت نەهاتن شەرافەتمەندانە رایگەیەنن کەبڵێن ئەوە ئێمە لەگەڵ حەشدی شەعبی و قاسم سلەیمانی رێکەوتوین و هێزەکانمان دەکشێنیەوە و ناوچەکان چۆل دەکەین و ئەو کارەسات و نائومێدی و برسێتی و کوشتارەیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا نەسەپاندایا.

ئەوەی تا ئێستا وتومانە دڵۆپێکە لەدەریایەک لەسەر وەزعی کوردستان و خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک و زەلیل بوون و ریسوا بوونی حزبەکانی کوردایەتی و بزوتنەوەکەیان و بەڵگەنامە لەسەریان، بەڵام ئەوەی ئەمجارەش لەکێشەکانیادا بەرچاوە، وەک کارنامەیان لەهەر کێشە و شەڕێکدا، کەلەسەر یەکتری خستنەڕووی بەڵگە نامەی تاڵانچێتی نەوت و داهاتی خەڵکی کوردستان و دەرخستنی نامەی ژێر بەژێری نۆ کەری لەگەڵ ئێران، عەبادی و ئۆردوگان و نوێنەرانی ئەمریکاو وێنەی دانیشتنی دووقۆڵی و چەندقۆڵی باڵ و بەرە مخالفەکانی یەکتریە، دەرخستنی ناوی لیستی دەیان و سەدانی گەندەڵکاری بەسامانی خەڵکی کوردستانەوە لە خانەنشینی بەپلەی وەزیرو مدیرو چەند موچەیی و دەرخستنی ناردنە دەرەوەی پارە بە ملیۆن و ملیاری بنەماڵەو لێپرسراوە حزبیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیە بۆ بانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو بە وتەی خودی ئەندام پەرلەمانەکانی حکومەتە بنکە فراوانەکە...

بۆ لاپەرە ٦

# کاپیتالیزم بەرەو دارمان دەچێ؟

نووسینی: سالار حەمە سەعید



ئایا کارل مارکس تۆڵەی خۆی دەسێنێتەوە لە کاپیتالیزم بە رووخانی کاپیتالیزم؟

ئایا راستە کاپیتالیزم کۆتایی پێدێت دوای سەرهەڵدان و گەشەی بەردەوامی کۆمپانیا زەبەللاحەکانی تەکنۆلۆژیا و زانیاری و عەقڵی دەستکرد؟

ئایا پۆست کاپیتالیزم جێگرەوەی کاپیتالیزمی ئێستایە؟

وەزیری پێشووی دارایی یۆنان (یانیس ڤارۆفاکیس) لە زانکۆی UCL دا باس لەسەرهەلدانی کۆمپانیا زەبەللاحەکانی تەکنۆلۆژیا و دەرکەوتنی عەقل و زانیاری دەستکرد دەکات کە بەڕای ئەو دەبێتە هۆی ووردە ووردە لەنێوچوون و نەمانی کاپیتالیزم. بەلام ئایا سەرمایە لەناودەچێ بە جێگرتنەوەی عەقلی دەستکرد وڕۆبۆت لەجیاتی کریکار. ئایا سەرمایە هەر سەرمایە نابێت وکەڵەکەبوون زیاتر نابێت مەگەر، وە لەچنگی کەمینەیەکی کەمتریش دانابێت و زۆرینەی زۆری خەلک بێکار وبێکارتر ونەدار ونەدارتر نابیت مەگەر؟

پرۆفیسۆری پێشووی زانکۆ (ڤارۆفاکیس) کە بەرامبەر دام ودەزگاکانی یەکیەتی ئەوروپا وەستایەوە سەبارەت بەدانەوەی قەرزەکانی یۆنان لەسالی ٢٠١٥.

دەڵێ کە کۆمپانیا زەبەللاحەکانی وەک گۆگل و فەیس بووک، بۆ یەکەمجارە لەمێژوودا کە سەرمایەکانیان لەلایەن بەکارهێنەرەکانیانەوە (بەکاربەرەکان) ئەکرِدرێن و بەرهەمدەهێنرێن. سەرەتا تەکنۆلۆژیاکان لەلایەن حکومەتەکانەوە پشتگیری دەکران وە هەر کاتێ کەدەچیتە سەر گووگڵ ئەوە تۆ یارمەتی سەرمایەی گووگڵ دەدەی. ئەوەی لەوسەرمایەیە دەست دەکەوێ دەبێتە موڵکی گووگل نەک هی تۆ. باشە دەبیتە موڵکی گووگل، بەلام سەرمایەکەی ئەو لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت هەر سەرمایەیە وسەرمایەکەی خۆ ناگۆڕێت بۆ شتێکی تر.

گومانی تێدا نیە کە ئێستا سەرمایە بەشێوەیەکی کۆمەلایەتی بەرهەم دەهێنرێ و بەرهەم و دەستکەوتەکەی بەخسووسی دەکرێت (پرایڤەتایزدەکرێت). ئەو زانیاری وعەقلە دەستکردە سەرمایەداری بەرەو لەناوچوون دەبات. باشی چۆن سەرمایە لەناودەچێت وەئەگەر لەناودەچێت دەبێتە چی؟ باشە دوای سەرمایەداری چیە؟ ئایا سۆسیالیزمە یا ئەلترناتیڤی ڤارفاکیس هەر هەمان سەرمایەداریە، بەلام بەناوێکیتر.

کارل مارکس تۆڵەی خۆی دەسێنێت لەو سیستەمە. ئەو دەڵێ مارکس تۆڵەی خۆی لە سیستەمی سەرمایەداری دەسێنێتەوە، بەلام لەجێگەیدا چی دادەنێت؟ تۆڵە لەڕێگەی کۆمۆنیزمەوە دەکاتەوە یان بەدیلی تری هەیە؟ بۆ یەکەمین جار سەرمایەداری لەوەتی دروست بووە، تەکنۆلۆژی تازە و نوێ کار ودەرفەتی کار زیاتر لەناو دەبات تا دروستی بکات. هەر کاپیتالیزمە کە کاپیتالیزم بەرەو هەڵدێر دەبات، چونکە هەموو ئەم تەکنۆلۆژیایە بەرهەمدەهێنێ کە کۆمپانیاکان و هۆکانی بەرهەمهێنانی تایبەت چۆن بێ خاسیەت و بێ کەڵک دەکات. ڤارۆفاکیس ئامۆژگاری حکومەتەکان دەکات کە ئامادەبن بۆ قۆناغی داهاتوو کە پۆست کاپیتالیزمە. ئەو دەڵێ: حکومەتەکان پیویستە ئامادەبن بۆ قۆناغی پۆست کاپیتالیزم (دواکاپیتالیزم) ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی سیاسەتی دوبارە دابەشکردنی سەروەت وسامانەوە.

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# پرسی ژن



**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگای کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارەسەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پیشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە، کە هەر جارە لەگەڵ یەکێک لە رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، سازی دەکات.**

## ؟ لەم ژمارەیەدا "بۆپێشەوە" گوڵزار عەلی، دەدوێنێت:

**بۆپێشەوە: هۆکاری سە رە کی توندوتیژی دژ بەژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، چییە ؟**

**گوڵزار عەلی:** سەرەتا سوپاستان دەکەم بوئەم بە سەرکردنەوەیە وە هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان وەکارکردنتان لە دۆزی هەستیاری ژنان...

توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە، بۆیە هەموو ساڵێک لە ٢٥ نوامبرەوە بە هەڵمەتێکی ١٦ ڕۆژی لەجیهاندا بۆ باس لە بە ڕەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت. ئەو ڕۆژانە هەموو جۆرە توندوتیژییەکانمان وە بیر دێنێتەوە، بەتایبەت توندوتیژی فیزیکی و دەرونی وسێکسی بویە دەبێت سەرنج و هەڵوێستی زۆری لەسەر بکریت ڕۆژانە هەزاران ژن لە شوێنە گشتیەکان و شوێنەکانی تر ڕووبەڕووی دەبنەوە هەروەها هەموو ئەوشوین و ماڵانەی کە توندوتیژی کردنەکان تێیدا بە نهێنی دەمێنێتەوە و لەلایەن مێردەکانیان یان بنەماڵەکانیانەوە، دەکوژرێن و لە هیچ شوێنێک باسی لێوە ناکرێت. لێدان و کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی شەرەف و کومەلایەتیەکان بویە ئەبی سەرنجێکی زوری لەسەر بدریت بەرانبەر ئەو کەسەی توندوتیژیەکەی بەرانبەر دەکرێت. دەبێت پشتگیری و کومەکی زۆر بکرین..

ئەنجامدانی توندوتیژی دژ بە ژنان بە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی دنیای ئەمڕۆ هەژمار دەکریت ، لەهەموو ئەو وڵات و دەوڵەتانەی دین تێکەڵی یاسا و پەروەردە و فێرکردن کراوە، بەهەمان شێوە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانیش یاسایی کراوە. پیاوسالاری دەوڵەت چۆتە پشتی، کوشتنی ناموسی بەرگی ڕەوایی پێدراوە، دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی، تێکەڵەیەکە لە کەلتوورێکی ئایینی و خێڵەکی. فەلسەفەیەکی پەروەردەیی کە ئەقڵییەتی پیاوسالاری و باوکسالاریی بەسەریدا زاڵە.

ئەم واقعە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بیرکردنەوە و بیروباوەڕی مرۆڤەکان هەیە. ئەقڵییەتێکە کە کارکردنی ژنان لە نێوەندی سیاسەتدا ڕەت دەکاتەوە، هەمیشە بە پلە دووی مرۆڤایەتی مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکات و، وەک



پاشکۆ و ڕەگەزێکی لاواز ڕەفتاری لەگەڵ دەکات، نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن کیانێکی سەربەخۆ کە ئەرکەکانی لە نێوەند و چواچێوەیەکی تەسکدا قەتیس دەکات.

بۆیە هەمیشە جیاکاری و جیاوازی، بۆتە کەلتووری ڕۆشنبیریی باوی کۆمەڵگە.

لەم نێوەدا عێراق و کوردستان، گۆشەیەکی دنیای نابەرابەریی ئەم سەردەمەیە. ئەگەر نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەی سەرەکی، نابەرابەری نێوان ژنان و پیاوان بێت، ئەوا نابەرابەری نێوان ژن و پیاو وە سوکایەتی و توندوتیژی و کوشتاری ژنان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی عروبی عێراق و دەسەڵاتی ناسیونالیزمی میلیشایی کوردیدا، بەیاسایی کراوە قوربانیانی توندوتیژی و ئاماری کوشتاری ژنان، لە ئاماری قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەستی داعش و کیمیابارانی هەڵەبجە زیاترە، بویە بە هەمان شێوەش تۆمەتبارانی توندوتیژی و کوشتاری هەزاران ژن، هێشتا ئازادن هیچ یاساو ریسایەک نایان گریتەوەو ئازادانە دە سورینەوە. وە دەسەڵاتی پیاوسالاری و میلیشیایی کوردی، پارێزەریی بکوژی ژنان خۆیَ لەپشتی ئەم تاوانکاریەوەیە.

بە شیکی تر لە هۆکارەکانی توندوتیژی دزی ژنان، ئابوری و پە روەردەیی و ژینگەییە. ئەگەر بەوردی تەماشای ئابوری ژنان بکەین بەگشتی ژنان سەرچاوە و داهاتی سەربەخوییان نییە و ئابوریان وابەستە بە ئابوری پیاوانە.

وە هوکاری پەروەردەیی و روشنبیری کە ژنان هەست نەکەن سەبارەت بە ئەرک و مافەکانی لەلایەکەوە وە لەناو کومەلگە و خیزانیشدا لەلایەکەوە کە وشیاری

لە کومەلگەدا بە گشتی لە ئاستیکی بالادا نییە، بویە بە بەشداری ژنان لە کایە سیاسی و فەرهەنگی و کومەلایەتیەکاندا دوچاری توندوتیژی دەبنەوە.

وە نەبونی سیستمی پەروەردە و فێرکردنیکی مودێرن و پیشکەوتنخواز کە زیاتر پەروەردە و فیرکردن سەرچاوەی لە دین و یاسا کونەپەرستەکان وەرگرتووە و بوتە بنەما لە یاساو سیستمی پەروەردە وفیرکردن .

**بۆپێشەوە: رێگاچارە چییەو دەبیَ چ بکرێت، بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەم و توندوتیژییەی، دژ بەژنان لە ئارادایە؟**

**گوڵزار عەلی:** بە بروای من ریگاچارە، دەبیت بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و پیاوان، بە هێزێکی فراوانی کۆمەڵایەتیەوە بێتەمەیدان، بزوتنەوەیەک کە دین لەپەروەردەو فێرکردن، جیا بکاتەوە و سایەی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگە لاببات.

یاسای وڵات لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت و هەموو ئەو بڕگە یاساییانە لاببات کە دژی ژنانن و دەبنە هۆکاری توندوتیژی و چەوسانەوەی ژنان. دەبیَ ژنان و پیاوان هاوڵاتی یەکسان بن لە هەموو مافەکانیان. بە واتایەکی تر دەبێت دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی یاسا ئیسلامیەکان سەرتاپایان دژە ژنن. وتاربیژی مزگەوتەکان دەبیت ریگایان پی نەدریت بانگەشەی توندوتیژی لەمینبەرەکانەوە بلاوبکەنەوە کە روژانە لەم میمبەرانەوە هیرش دەکریتە سەر مافە سەرەتاییەکانی ژنان.

وە ئاشناکردنی تەواوی کومەلگە بە ماف و ئازادیەکانی ژنان وە دەستەبەرکردنی بەرنامەی تایبەت لە میدیاکانە وە لەسەر وشیاری کومەلگەو مافەسەرەتاییەکانی ژنان و تا گورینی سیستم و یاسا بە سیستمیکی سیکولارو مودیرن وە جیایی دین لە یاساو دەسەلات ولە سیستمی خویندن و پەروەردەو فیرکردن.

ئەمە هەنگاوێکی کارسازو پێشمەرجی، هەموو هەولێکی ئازادیخوازانەو سوسیالیستییە بۆ کۆتاییهێنان بە جیاوازی و هەڵاواردنی ژنان و یەکسان بوونیان لەگەڵ پیاواندا، لە هەموو ئاست و زەمینەو بوارێکدا...

# هەواڵێ توند و تیژی لە بەرامبەر ٢ ژن لە هیندستان و ئیرلەند، بەهۆکاری داب و نەریتی ئایینی

ئامادەکردن و وەرگێرانی: شوان عەزیز

## "مێردە موسڵمانەکەم فشاری بۆ دەهێنام ببم بە موسڵمان، منیش لە بەرئەوەی نەم دەویست، دەستی کرد بەلێدانم"





هەواڵێ توند و تیژی لە بەرامبەر ٢ ژن لە هیندستان و ئیرلەند، گومان دەکرێت هۆکارەکەی داب و نەریتی ئایینی ئیسلام بێت؟!

"مێردە موسڵمانەکەم فشاری بۆ دەهێنام ببم بە موسڵمان، منیش لە بەرئەوەی نەم دەویست، دەستی کرد بەلێدانم"

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

پەمێلە گێلەر/ http://www.ptinews.com/news

ئەو کچە جوان و شوخو شەنگەی کە لەو وێنەیەدا دەیبینن، پێشتر خۆی مۆدێل بووەو خەڵکی هیندوستانە و هیندوسی بووە. لەو کاتەدا شوی بەکەسێکی موسڵمان کردووە لە هیندوستان، مەرجی ئەوەی لەگەڵ کردووە کە فشاری بۆ نەهێنێت ببێت بە موسڵمان و خۆی دەیەوێت ئایینی خۆی هەبێت. هەردوولا بەم مەرجە ڕازی بوون.

زۆرەملیَ کردن بۆ گۆڕینی ئایین لە تەواوی وڵاتانی موسڵمان باوە لەلایەن زوربەی زۆری شوێنکەوتوانی ئایینی ئیسلامدا. بۆ نموونە زۆرکردن لە خەڵکی نا موسڵمان بۆئەوەی ببن بە موسڵمان، لە بواری بە شودانی ئافرەتان دا، لە کاتی مارەکردنی کچان لە تەمەنی منداڵیدا. ئەو دیاردەیەش لە نێو ئەو گرووپەدا بە جیهاد حیسابی بۆ دەکرێت وە پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت لەڕۆژی دواییدا.

مۆمبای/ هیندوستان

پرێس ترەستی هیندوستان( Press Trust of India )ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە لە ١٧نۆڤەمبەری ٢٠١٧ دا لەژێر ناونیشانی : "ژنێک کە پێشترمۆدێل بووە دەڵێت کە " مێردەکەی ئیجباری کردووە ببێت بە موسڵمان"

ژنێکی پێشتر مۆدێل ڕایدەگەێنێت" کە مێردەکەی فشاری خستۆتە سەر تا ئایینی خۆی بگۆڕێت و ببێت بە موسڵمان. وە لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو بەرهەڵستی کردووە ئەوکارە بکات تووشی لێدان بۆتەوەو پێی گوتراوە کە ماڵەکە بەجیَ بێڵێت".

پۆلیسی مۆمبای ڕایگەیاند کە ئەوان دۆسیەیان کردۆتەوە بۆ کەیسی ئەو ژنەو هەروەها هاوڕێی مێردەکەشی کە ڕەشمی دەڵێت ئەویش پەلاماری داوەتیَ لەڕووی جنسیەوە. هەروەها پۆلیس ئەوەشی" ڕاگەیاندووە کە ئەو ژنە ٤٢ ساڵە بە ناوی ڕەشمی، بریندابوون بە جەستە و قۆڵیەوە دیارە کە بەهۆی لێدانی مێردەکەیەوە بووە!

ڕەشمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە بەدەنگ و ڕەنگی تۆمارکراوە دەڵێت "مێردەکەم لەو ماوەیەدا ژنێکی تری هیندی کە بەقەدەر نیوەی تەمەنی خۆی دەبێت مارەکردووە. منیش بەڕەچەڵەک هیندۆسیم و وازم لە ئایینی خۆم نەهێناوەو دەیەوێت بەزۆرەملیَ بم کات بە موسڵمان".

ڕەشمی دەڵێت "من ١٢ ساڵ پێش ئێستا شووم بە ئاسیف کردوو لەسەر ئەوەش ڕێک کەوتین کە من بتوانم ئایینی خۆم بپارێزم، بەڵام دوای ١٢ ساڵ و بە تایبەتی کە من کوڕێکم بوو ئیتر ئاسیف دەستی کرد بە فشار خستنەسەرم بۆ ئەوەی ئایینی خۆم وەک هیندۆسی بەجێبێڵم و ببم بە موسڵمان". هەروەها دەڵێت: "مێردەکەم پێی گوتم ئەگەر نەبم بە موسڵمان ئەوە ئیتر سەرجێیم ناکاو ئیتر من ژنی ئەو نابم. هەروەها ... بۆ لاپەرە 11

NRT گۆشەی لەگەڵ

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە به رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...**

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی دوو بەرنامە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری ١٣ و ٢٠ نۆڤەمبەر**

**ئایا حزبەکانی کوردستان دەتوانن نوێنەری هاوڵاتیان بکەن؟**

**ئایا گەنجان دەتوانن گۆرانکاری لە حکومرانی هەرێمدا بکەن؟**

عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت

## ئایا حزبەکانی کوردستان دەتوانن نوێنەرایەتی هاوڵاتیان بکەن؟

ئەوەی کە بەتاقیکردنەوە دەسەلمێ، کاریگەریەکەی لەسەدان توێژینەوە ولێکدانەوەو باسی سیاسی زۆرترە...

کاتێک حزبێکی سیاسی پێک دێت، یان حزبێک بەرنامە و پرۆژەو نەخشەیەک دەخاتە، روو، پاکیجێک پێشکەش دەکات، بەڵێن دەدات، بانگەشە دەکات... هیچ هونەرێک نیشان نادات، ئەگەر لە مەیدانی کردەوەدا، تاقی نەکرێتەوە. ئێمە هەموومان شاهیدی بەرنامەو گوتاری حزبەکانی کوردستانین، بەڵام لەوە زۆرتر شاهیدی رەفتار و کردار و ئەزموونی بەکردەوەی ئەو حزبانەشین. بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی سیاسەت و نەخشەی هەر حزبێکی سیاسی، دەبێ تەماشای پراکتیک و کرداریان بکرێت، نەک وتارو بانگەشەکانیان. ئەگەر لەو سۆنگەیەوە تەماشای حزبە بۆرژوازییەکانی گۆرەپانی سیاسی کوردستان بکەین، ئەوا ئەزموونی ٢٦ ساڵەی رابردووی کوردستان ئەو راستیەمان نیشان دەدات کە حزبەکانی کوردستان بە قەومی و ئیسلامیەوە، تاڵترین ئەزموونیان کردوە بە گەروی خەڵکی کوردستاندا و ئەو مەرگەساتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوریەی ئەو حزبانە بەسەر خەڵکی کوردستانیان هێناوە، نەک دابراو نییە لە ئەزمون و مەرگەساتی پێشتری سەردەمی بەعس، بەڵکو رێک درێژکراوەی ئەو و کۆپی دەسەڵاتی ئەوە بە تیکەڵکردن و تۆخکردنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی و گرتنەبەری نۆکەرایەتیەکی بێ سنور.

باسی نوینەرایەتی هاوڵاتیان، بەو فۆرمەش کە لەدنیادا هەیە و لەرێگای پرۆسیسی پەرلەمانیەوە باسی نوێنەرایەتی هاوڵاتیان دەکرێت، ئەوەش لە کوردستان و لەسەر دەستی ئەو حزبانە ئەزموون کراوە، کەئەمەش درۆیەکی رووهەڵماراوە...

لەهیچ زەمینەو بوارو کایەکی کۆمەڵگەی کوردستاندا، نوینەرایەتی هیچ خواستێکی رەوای خەڵکی کوردستان نەک نەکراوە، بەڵکو فەلسەفەی وجودو کارکردی ئەو حزبانە دژایەتی ئاشکرای خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان بووە لەبەرامبەر بە خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بە وڵات و قوتبە ناوچەیی و جیهانیەکان و، پرکردنی کاسە و بانکی هەمەرەنگی کەڵەکەکردنی سەرمایەو لوشدانی داهاتی هاوڵاتیان و دەستبەسەراگرتنی داهاتی سەرزەوی و ژێر زەوی و نەقدی و غەیرە نەقدی کوردستان. نوێنەرایەتی هاوڵاتیان کە گوایە لە رێگای پەرلەمانەوە دەکرێت و ئەندام پەرلەمانەکان نوینەری دەنگ و ویستی خەڵکن بۆ دەورەیەکی چەندساڵی، بەکردەوە ئەوەی نیشانداین، کە خۆیان بونە ملیۆنیر و بەهرەمەند بوون لە ژیانی شاهانەو زوربەی زۆری خەڵکیش لە برسیتی و بی موچەو گەداییدان... لە ٢٦ ساڵی رابردودا یەک دەستکەوت و یەک کاری جیگا شیاو یەک هەنگاوی ئینسانی و یەک پرۆژەی پیشکەوتنخوازی و یەک پەیمانی ئومید بەخش لە مەیدانی واقعیدا لە ریگای پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانەوە، نەبۆتە نسیبی خەڵک و هەر رۆژە دۆخی خەڵکی کوردستان بەرەوخراپتر و خراپتر چووە و حزبەکانی کوردستان و پەرلەمانەکەیان خۆیان هۆکاری سەرەکی ئەو هەلومەرجە نائینسانییە بوون. ئەو حزبانە چونکە حزبی کۆنەپەرست و دواکەوتوو، حزبی بنەماڵەو خیڵ، حزبی نۆکەرو خۆشخزمەت، حزبی چینە دارارو دەوڵەمەندو بازرگانەکان بوون، ئەوەی بۆیان گرنگ نەبووە نییە، نوینەرایەتی خەڵک و خواستەکانی خەڵکی کوردستان بووە. ناکرێ و نابێ هیچ چاوەروانیەک لەو حزبانە بکرێت و نابێ بە وێنەی حزبی سیاسی و نوینەری خەڵک بناسێنرێن و بانگەشەیان بۆ بکرێت. بە ئەزموونێکی بەکردەوەو بە نەخشەو پراکتیکێک کە کردویانە نیشانیان داوە ئەوان لە بەرێک و خەڵکی کوردستان و خواستەکانیان لە بەرێکی ترن و وەبەرپرسن لەو دۆخەی لە کوردستاندا هەیە. ئەگەر بریار بێت خەڵکی کوردستان دەروازەیەکی باشتریان بۆ ژیانی باشتر دەست بکەوێت، هەنگاوی یەکەمیان خۆ دورخستنەوە لەو حزبانەو خۆجیاکردنەوەیانە لە ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیلی هێنەری ئەو حزبە بۆرژوازییە کۆنەپەرست و خۆشخزمەت و کریگرتانە. ئەو حزبانە یەکێک لە کارە سەرەکیەکانیان، بە ناوێ نوێنەرایەتی خەڵکیەوە، سەلبکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانە بۆ گەران بەدوای بەدیلی جێ دڵخوازی خۆیان و حزبێک کە نوێنەرایەتی خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان بکات.

**تەوەرەی بەرنامەی بەرواری ٢٠/١١/٢٠١٧**

## ئایا گەنجان دەتوانن گۆڕانکاری لەحکومرانی هەرێمدا بکەن؟

گومان هەڵنەگرە، گەنجان یان لاوان سەرمایەکی گەورەو کەرەستەی داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەکن بۆ نەخشاندنی ژیانێکی باشتر... بۆ ئایندەی گەشاوەی هەر کۆمەڵگەیەک، پیویستە ئێستای گەشاوەی گەنج نیشان بدرێت و لاوانی ئەو کۆمەڵگەیە هەست بە غرور و بروا بە توانایی خۆیان بکەن. بیگومان لاوان لەهەر کۆمەڵگەیەکی سالمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دەتوانن و بەکردەوە ئەوان داینەمۆی رووی درەوشاوەی گەشەی کۆمەڵگەن. توانایی لاوان، تەنها توانایی جەستەیی نییە، تەنها حەماس و هەیەجان و گەران بەدوای خولیا جوان و هەمەرەنگەکانیاندا نییە... تەنها خەون و خەیاڵی جوان نییە... بەڵکە هاوکات دید و ئایدیای نوێشە کە ئەوان زوو دەتوانن ببنە خاوەنی، زوو دەتوانن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا خۆیان بگونجێنن و ئەزموون لە دەستکەوتەکانی ئینسانی وەربگرن... داهێنان بکەن و داهینان بگوازانەوە... لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو زانست و دەستراگەیشتن بە شارەزایی و پسپۆری، توانای وەرگرتن و تیگەیشتنیان بەرزە و خێرایە... لە دۆخی شیاوی گونجاوی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی سالمدا، دەتوانن تونایەکانیان و توانایی و بەهرە شاراوەکانیان پیشان بدەن و لە خزمەت کۆمەڵگەدا دای بنێن... وە دەتوانن بەکردەوە هیزی وەجوڵە خستنی کۆمەڵگەو ئاڵوگۆر پیکهێنانی بن...

بەداخەوە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تواناکوژ و خەونکوژی لاواندا، خولیاو خەونەکانی لاوان خنکێنراون، هیواکان لەمەنگەنەو ئایندەی گەشیان، سپێردراوەتە ئایندەیەکی نادیار و لێڵ و تەڵخەوە... هەلومەرجی پەرەوەردەیی و کۆمەڵایەتی لاوان، بە مانای وشە دۆزەخ ئاسایە... تەنانەت ئەو لاوانەی بەوپەری سەختی ژیانەوە خوێندن تەواو دەکەن، ئایندەیان و نەک هەر بە خیرایی رەوانەی بازاری بێکاری دەکرێن. بەڵکو هەرچی مافی فەردی و مەدەنیان هەیە ژێر پێخراوەو پایماڵ دەکرێت... ژینگەیەکی نەخوازروا کراوەتە بەشی لاوانی کچ و کوڕ... سیستەمی پەروەردەیی دواکەوتوو، خوێندن و فیرکردنی ویران... گەورەبوون لەناو کەشی نەبوونی و گرانی و دۆخی ئاڵۆسکاوی سیاسی و نائارامی و ناسەقامگیریدا، وایان کردووە لاوان توناکانیان و برستی گۆرانکاری تیایاندا، لاواز بکرێت. لاوانی کوردستان بۆ دەرچوون لەو دۆخەو و بۆ رووبەرووبونەوە لەگەڵ ئەم ژینگە ناتەندروست و خاڵییە لە ژیان کردن، ناچارکراون بەشەپۆڵ بەدوای ژیاندا وێڵ بن و کوردستان جی بهێڵن... لەو روبەرووبونەوە نابەرابەرەدا، تا ئیستا بەسەدان لاوی دڵ پر لە هیوای وێڵ بەدوای ژیان و خەونەکانیاندا، بوونەتە قوربانی برینی سنورە ئەڵغامکراو و زنجیر کراوەکان، بوونەتە قوربانی شەپۆلی سەرکیشی بێرەحمی دەریاکان و لۆریە هەوابر و سەرداخراوەکان، یان بەناچاری دەستیان بردووە بۆ سەندنەوەی ژیان بەدەستی خۆیان... بەرپرسی سەرەکی لەم هەلومەرجە دڵهەژینەی لاوان، دەسەڵاتی سیاسی و حزبۆکراتی نابەرپرسی بزوتنەوەی کوردایەتییە... کە ٢٦ ساڵە کار لەسەر بێئیرادەکردنی لاوان دەکات و باکی بە ژیان و چارەنووسی ئایندەی لاوانەوە نییە... لاوان لە هەلومەجێکی ئاوادا تواناییان بۆ ئاڵوگۆرهێنان بەسیستەمی حکومرانیدا، لاوازو کەم کاریگەرە... سوکانی سەرجەم حزبەکانی کوردستان و سیاسەت و پرۆژەی ئەو حزبانە، پرۆژەو سیاسەتی پیر و ماوە بەسەرچوون. هێشتا هیچ حزبێکی سیاسی لەکوردستان نابینرێت، جەنگ لەسەر مافی لاوان بە ئەرکی خۆی بزانێت... جەنگ بۆ ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان بە کاری سەرەکی خۆی بزانێت، تیکۆشان بۆ ژینگەیەکی ئارام و گەشەی توانایی گەنجان لەدەستوریدا دابێت... لاوان زۆرتر وەکو زەخیرەی جەنگی حزبۆکراتی لە ململانێی دەسەڵاتدا بەکاردەهێنن، تەنانەت گەر لاوان گەنجانیک لە هەرەمی سەرەوەی حزب و دەسەڵاتداریێتیدا ببینرێن، بە ئەجندای کۆن و پرۆژەی کۆنەپەرستانە و لەقاڵبدانی دیدو روانینی نویێ باوەوە، سەرقاڵن، لە بیری ئەوەدا نین، رێگاکانی نەفەسی تازەو لاو بکەنەوە تا سیاسەت بە لاوی و ئاڵوگۆری لاوانە لە کۆمەڵگەدا برەو پەیدا بکات... ئەم دۆخە ئەرکی لاوانی زۆر سەخت کردووە، ئاخر ئینسان بۆ ئەوەی سیاسەت بکات، کارو هەڵسوران بۆ گۆرینی کۆمەڵگەو چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ بکات، پێویستی بە نان و شوینی نیشتەجی بوون و ژیان کردنێکی نۆرمال هەیە... رێک ئەو پیداویستیانەی دەسەڵاتی سیاسی قوڵفی لێداون.

لاوان دەتوانن رۆڵی گرنگ و چارەنووساز لە سیستەمی حکومرانیدا بگێرن... ئەوکاتەی بواریان پێ بدرێت یان خۆیان لەسیاسەت و پرۆژەی کۆنەپەرستانەی حزبە گەنیوو دواکەوتوەکان جیابکەنەوە... باسی گەنج و توانای لاوان تەمەن نییە... ئیمە لە کوردستان چ لە حزبەکان و چ لە حکومەت و پەرلەماندا ژمارەیەکی زۆر گەنج دەبینین، لە باری تەمەنەوە گەنج و لەباری دیدو روانین و تازەگەریدا کۆنەپەرست و دواکەوتوون و کویلەی حزب و سیاسەت و پرۆژەی دواکەوتوانەی کۆمەڵگەن... ئیمە لەکوردستان و لە خانەوادەی بۆژوازی کوردیدا چ حزبە دەسەڵات بەدەست و چ حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان و تەنانەت ئەو هەموو رێکخراوە بەناو کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، هیزو حزب و رێکخراوێکی مەدەنی نادۆزینەوە... کە مۆدێرن بێت، بروای بەمافە فەردی و مەدەنیەکان بێت، تێکۆشەری جیایی دین و قەوم لەدەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن بێت. تێکۆشەری بەکردەوەی یەکسانی ژن و پیاو بێت،... تاد. لاوانی تیکۆشەرو چالاک بۆ گۆرینی کۆمەڵگە پیویستە ریزی خۆیان لەو حزبانە جیابکەنەوەو بروا بە فریوکاری حزبەکان و رێکخراوەکان نەکەن، و تەماشا رەفتارو کرداریان بکەن کە چۆن دژی گەنج و نوێکاری و ئاڵوگۆرن بەرەو پێشەوە... لاوان پێویستە ببنەوە بە خاوەنی ١٧ شوبات، ببنەوە بەخۆیان و بۆ وەدیهێنانی خەون و ئارەزوەکانیان، دەست بدەنە تیکۆشان و دروستکردنی ناوەندو وەسیلەی کارای بۆ بۆ ئاڵوگۆر و پێشخستنی کۆمەڵگە... بێگومان لاوان ئەگەر بچنە سەر رێچکەی تیکۆشانی خۆیان بە وەسیلەی کارای ئینسانیەوە، بۆ گیرانی رۆڵی شایستەی خۆیان دەتوانن نەخشی زۆر گەورە بگێرن چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چ لە پرۆسەی حکومرانیدا...



# سەرمایەداری هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژ بەژنانە

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



توندوتیژی دژ بە ژنان دەسکردی سیستمێکی سەرمایەداری و چینایەتی و دژە مرۆڤە کە لە پێگەی ژێر دەستەیی ژن و باڵا دەست بوونی پیاو بۆ مانەوەی خۆی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەم مەبەستەش لەهەر ناوچە و وڵاتێک بە پێی سیستمی جوگرافیایی و کلتوری زاڵ ئەبزاری تایبەت بەو شوێنانە بۆ دوبەرەکی و توندوتیژی بە دژی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە بە کار دێنێ. لە بارودۆخی هەنوکەیی دا سەرەڕای بوونی پێشکەوتن و بە پیشەیی بوون و سەرەڕای هەوڵی چالاکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بۆ نەمان و لە ناو چوونی ئەو پەتایە، توندوتیژی نەک لەناو نەچووە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە زیاتر پەرە دەستێنێ. کاڵا بوونی ژن لە سەرتاسەری جیهان و دانانی ستاندارده جیهانیەکان بۆ لەش و لاری ژن سەلمێنەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە.

دیاردەی توندو تیژی بە دژی ژنان

خەسارێکی بەرینی جیهانییەو هەر بەو هۆکارە بنبڕکردنی پێویستیی بە خەباتێکی جیهانیە. خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێێ ڕەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانوویە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توندوتیژی پێویستی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێ گومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ. توندوتیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و ئایینیەکان کە ئیسلام و یاسا ئیسلامییەکان ڕۆلێکی بەرچاو و چارەنووسساز لە سیستمی ئیداریو حکوومەتییەکەیدا دەگێڕن‌و شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیەدا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆسەر ژنان ڕەوا دەکرێو بەرێوە دەچێ. لە ناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو لە ژیانی تاکەکەسی ژنان‌دا وا پنجی داکووتاوە کە وەک خەسارێکو دیاردەیەکی لێهاتووەو بۆتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. لە ناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا توندوتیژیو سووکایەتی کردن‌و بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێو و بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەداتو میوانی شەو ڕۆژی ساتەکانی ژنانە.

لێرەدا گۆشەیەکی بچووک لەو ئامارانەی کە (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) لەو ڕێگایەوە سیمای دزێوی ئەم دیاردەیە وەک واقعیەتێکی تاڵو هەژێنەری ناو کۆمەڵگەکان لەدنیای هەنووکەیی دا نیشان دەدات، دەخەینە ڕوو،

بە پێی ئەم ئامارانە:

٩ملیۆن ژنی لەشفرۆش و قوربانی فەحشا لە وڵاتی هیند بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی بنگلادش‌و نیپاڵ یان ڕفێندراون یا خود کڕین‌و فرۆشیان پێکراوە.

لە وڵاتی روسیە لەهەر ٤٥ خولەک دا ژنێک دەکەوێتە بە دیاردەی توندوتیژیو گیانی لێدەستێندرێو دەکوژرێ.

لە هەر دوو خولەکدا ژنێک لە ئەمریکا دەکەوێتە بەر کردەوەی قیزەونی دەستدرێژی سێکسیو توندوتیژی جنسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ.

دووهەمین هۆکاری مردنی ژنان لە وڵاتی فنلەند، توندوتیژیەکە کە لەلایەن هاوسەر یان دەسگیرانەکەیان بە دژیان ئەنجام دەدرێ.

لە باشووری ئافریقا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوە بە زەربی گوللە دەکوژرێن لەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لەلایەن کەسانی نەناسراو دەکوژرێن زۆر زیاترە.

دوای لێکۆلینەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لەلایەن هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توندوتیژیی جەستەییو نیزیک بە یەک لە سەر سێو نیوەی نمونەکانی توندوتیژی جەستەیی، توندوتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە.

لە هەر ١٨ خولەکدا لە جیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانەو ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توندوتیژیانەیە کە بەرامبەر بە نیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ.

ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لەو توندوتیژیو ئازارانەیە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز بەرێوەدەچێو ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمو ستەمە کۆمەڵایەتیو چینایەتیانەیە کە لەناو کۆمەڵگەدا لە بوارەکانی حەقدەست، کار، بارودۆخی کارو هتد.... دەسەپێندرێ. لە ڕاستی‌داو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆسەر ژنان لەخۆ ناگرێ، بەڵکوو توندوتیژیی ئابووری، توندوتیژی بنەماڵەییو توندوتیژی هزریو پەروەردەییو هتد... دەگرێتەوە.

لە سەرتاسەری جیهان و لە ڕادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێکردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر ڕۆح و ڕەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندوتیژی، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالییەوە دەست پێدەکات و لە هەر زەمەنێکدا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێو پێناسەی چەشناو چەشن لە خۆ دەگرێو ،سیستمی سەرمایەداریش لە برەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ.

توندوتیژی تایبەت بە نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداریو نابەرابەریەکە کە مانەوەی لە گرەوی هەڵسوکەوتی توندوتیژ بە دژی مرۆڤەکانە.

ساحیبانی چەوسێنەر و داگیرکەری ئەم نیزامە گەندەڵو دژە مرۆڤیە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بەم دیاردەیە هەیە تاکوو دوو بەرەکی بخەنە ناو تاکەکان‌و لە دواکەوتووی کۆمەڵگاکان‌و لەم کردەوانە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن. بە قازانجی نیزامی سەرمایەداریە تا لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگو نەتەوەو هتد... مرۆڤەکان دەستەبەندی بکەن‌و بۆئەوەی چینە ژێردەستەو هەژارەکان لەبەرمبەر ناعەداڵەتیو زوڵم ستەمەکانی سەرمایەداران یەکگرتوو نەبن تووی دوو بەرەکیان لە نێواندا دەچێنن‌و پەرە بە توندوتیژی لە نێونیان دەدەن.

دەسەڵاتو ساحیبانی سەرمایە بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاریو سیستم لێکردووە و بە ئامانجەوە لە دژی هەر جۆرە بەرابەریو یەکسانیو خەبات بە دژی بێ مافی ژنان ڕادەوەستن.

کرێکارانی ژن کە لە سەرتاسەری جیهان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان‌و منالەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەو گیر و گرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەریدەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پڕۆکێن لە دەرەوەی ماڵ بدەن‌و ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لەناو کۆمەڵگە بە دەست بێنن، لەشوێنی کارەکەشیان بەردەوام بەهۆی ژن بوونیانەوە لەلایەن ساحیبکاران و هاوکارەکانیان سوکایەتیان پێدەکرێ.

وا پێدەچێ بەردەوامی ئەم توندوتیژیانە، بۆ ژنان وەک پرسێکی ڕواڵەتی لێهاتبێ، ئێمە شایەتی ئەوەین کە قوربانیانی کردەوەی توندوتیژی باوەر بە خۆبوونیان لەدەست دەدەن‌و لە هەڵوێست گرتن‌و بەرگریکردن لە خۆیان تووشی دوو دڵی و دڵەراوکێ دەبن، ئەوان پێیانوایە جیهان هەر بەو شیوە بووەو دەبێ هەروا بمێنێتەوەو کە ئەوە ئامانجی سەرەکی ساحیبانی سەرمایەیە، بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نیە، بەڵکو ئێمە دەتوانین لەبەرامبەر ئەو خەسارەدا ڕابوەستین. ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بە دژی ئەم توندوتیژیانە بکەن‌و بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگاییو وشیاریە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پیشەوە بەرێو ناسینی هۆکارو بنەمای ستەمو توندوتیژی بە دژی ژنان‌و ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە برەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و ڕزگاریان بکاتەوە.

لەکۆمەڵگەیەکدا کە فرەژنی یاساییە، ژنان بۆ چەند کاتژمێر بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی ڕەگەزی بەرامبەریان سیغە دەکرێن، یان ژنان زۆر بە سادەیی لە مافی دایکیەتیو سەرپەرشتی منالەکانیان بێبەشن، بە ئاسانی توندوتیژی بە دژی ژنان ڕەوا دەکرێ و وەک پرسێکی ڕواڵەتی سەیری دەکرێ.

جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان تەنیا لەو نمونانە دا بەرتەسک نابێتەوەو دەتوانین پرسی توندوتیژی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ڕاهێنان، تەربیەتی و هەموو ئەم هەڵاواردنانە کە توندوتیژی بە دژی ژنان بازتولید دەکات، بێنینە بەرباس و لێکدانەوەو، بەو ئاکامە بگەین کە زەروورەتی بەرردەوامی ئەم توندوتیژیانە تەنیا و تەنیا بە قازانجی حاکمانی سەرمایەیە.

تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێو لەسەر پێ بێ ، دژە ژنیو پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگەدا هەر بەردەوامەو داکۆکیکارانی مالکییەتی خسوسیو نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێستو پۆزێکی دیمۆکراتیکدا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەڵاواردنان‌و بێ‌مافیانە لەناوبەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لە سەدەی بیستو یەکەم‌داو تەنانەت لە وڵاتانی سەرمایەداریو بەناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازارو هەرەشەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی.

ڕزگاریو بەرابەری ژن‌و پیاو و لابردنی هەر جۆرە توندوتیژیەک بەدژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە ڕۆچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێبڕوانین‌و خەباتی بێوچانی بۆ ڕێکبخەین.

## درێژەی.....بەڵگەنامەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر یەکتری چ ڕاستیەک

لەئەڵمانیا لێپرسراوی حزبی هەیە بەسەدان شوقەی لەشوێنی گرانبەهاو سەر دەریا دروستکردوە و بەناوی کەسانی ترەوە پارەکانیان ساغ کردۆتەوەو سەرمایەکانیان لەرێگای قاچاخچی سەربەخۆیان و سەرمایەدارانی ترەوە لەدەرەوە دەخەنە گەڕ، ئەوە ناوی ئەو سەروەت وسامان و خانو و بینای گرانبەها باس ناکەن کە سەرانی ئەو حزبانە لەبەریتانیا و ئەمریکا هەیانە، هەروەها لیستی بیسەروشوێنەکان و دیارنەمانی ئەندام پەرلەمان و وەزیرە دزەکانە، ئەوە جیا لەدەرخستنی خاوەندارێتی پاپۆڕی گەورەو و تەیارەی تایبەت و خانوون و ڤیلای گرانبەهاو خستنە ڕووی وینەکانیان لەگردو گردۆڵکەو شاخ و شارەکانی کوردستان و هەواڵی چەند ژنەی سەرۆک و لیپرسراوەکان بڵاو دەبێتەوە، وێنەو هەواڵ و بەڵگەی تیرۆرەکانیان کەم نیە. ڕەنگە هەموو ئەوەی دەیخەینە ڕوو لەسەدا 10ی ئەو بەڵگەنامانە بێت لەکارنامەی حزبە کوردیەکان.

ڕەنگە ئەوەی ئیشارەمان پێداوەو ئەوانەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا و لەمیدیای خۆیاندا بڵاودەبێتەوە بەشێکی وەک هەندێ لەئەندام پەرلەمانەکان و سەرانی حزبەکانی کوردایەتی فیری ئەوەبوون دەڵێن ئەوە ڕاست نیەو فۆتۆشۆپە، بەڵام گریمان هەموو ئەمانە کە ڕوو دەدەن، لەسەر حکومەتی هەرێم، پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانیان، لەسەر حزبەکان بە قەومی ئیسلامی و بنەماڵەکانەوە، لەسەر لێپرساوەکان و موچەکانیان و سەروەتەکانیان، زۆرێک هەڵبەستراو و فۆتۆشۆن بێت و بەجیا لەراست و دروستی بەڵگەنامەکان، ئایا هەموو ئەوانە چ ڕاستیەک دەخەنە روو لەسەر حزبەکانی کوردایەتی و چ پەیامێکیان بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە. کە دەبێ بەوردی سەرنجی بدرێتێ و خەڵکی کوردستان بۆ ئەم دەورە نوێیە کەکوردستان پیایدا تێدەپەڕێت و دەورەیەکی درێژخایەن دەبێت، نابێ چاوەڕوانیەکی زیاتر لەوەی کە لە 27 ساڵی رابردوودا هەیان بووە، بکرێ، ئەگەر خەڵک بە هوشیارانە بیری لێنەکەنەوە ئەوا جارێکی تر هەر پێنج حزبەکانی کوردایەتی بەئیزافەی دەموچاوی تر بەناوو بە ڕەنگی ترەوە خۆیان ڕێکدەخەن و جارێکی کە لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان بازرگانی دەستپێدەکەنەوە و بەسات و سەدا لەگەڵ فیدرالیزمە قەومی و تایفیە شیعیەکەدا دەست بەسەر کۆمەڵگادا دەگرنەوە.

خەڵکی کوردستان دەبێ بزانن پەیامی ئەو بەڵگانەی حزبەکانی کوردایەتی لەسەر یەکتری، بەجیا لە دروست و نادروستیان یەک ڕاستی بۆ خەڵک دەردەخات، ئەوەیە چ لەدەمی خۆیان لەسەر یەکتری و چی لەدەمی خەڵکی کوردستان و جیهانەوە، واقعی ئەو حزبانەیەو تەنیا یەک بەڵگە نامە نیە لەسەر کارنامەی 27 ساڵی دەسەڵاتیان لەرابردوودا، بەباشی کاری خزمەتگوزاری باش و بەرنامەیەکی باشیان هەبووبێت و وەڵامیان بەپێداویستیە سەرەتاییەکانی خەڵک دابێتەوە، تەنیا یەک بەڵگەنامە بڵاونابێتەوە کە رۆژێک سەرانی ئەو حزبانەو بنەماڵە و لیپرسراوەکانیان وەک خەڵکی کوردستان ژیابن، یەک بەڵگەنامە نیە کە هەموو ئەو حزبانە لەسەر مێزی گفتوگۆی نێوان خۆیان و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو ئەمریکا دانیشتبن لەسەر ئایندەو چارەنوس و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان قسەیان کردبێت. کەواتە ئەم حزبانەی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم و بنەماڵەو سەرکردەکانیان لەئاشتی و لەشەڕیاندا، درورو نزیک هیچ بەرژەوەندیەکیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان؛ نییە. هەربۆیە خەڵکی کوردستان دەبێ لەئایندەشدا هیچ چاوەڕوانیەکیان لەم حزبانەی ناسیونالیزمی کوردی بەقەومی ئیسلامیەوە نەبێت، تەنیا بەدژی ئەم حزبانە قسەکردن و ریسوا کردنیان کافی نیە کە ئێستا خەڵک دەیکات لەسەریان، بەڵکو خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا، زەرورەو دەبێت لەئاسۆ و بەرنامەو کارنامەو سیاسەتی ئەم حزبانەی ناسیونالیزمی کوردی بەیەکجاری دوربکەونەوەو دابڕێن. خۆ هوشیاری و ڕێکخراوبوون لە شوێنی ژیان و کارو خوێندندا، لەدەرەوەی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامی، یەکەمین هەنگاوە لەسەر ڕێگای دەستکۆتاکردنی ئەم حزبانە بۆ هەمیشەیی و دیاریکردنی ئایندەیەک باشتر، بەدەستی خودی هێزی ڕێکخراو و یەکگرتوانەی خەڵکی کوردستان.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: ئاراس رەشید، سالار حەمە سەعید، شوان عەزیز

### کرێکارانی شارەوانی بەسرە خۆپیشاندان دەکەن بۆ جێگیرکردنی ئەو کرێکارانەی بە رۆژانە کاردەکەن.

فەرمانبەر و کرێکارانی شارەوانی بەسرە، ڕۆژی ٢شەممە ٢٠/١١/٢٠١٧ خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست، داواکاریان ئەوە بوو کە وەک وەزارەتەکانی دیکە ئەو کرێکارانەی بە کرێی ڕۆژانە کار دەکەن دایانمەزرێنن بە جێگیری. لەسەر حکومەتە کە زەویان بۆ دابین بکات و بەدەریان بکات لە بڕیاری ٢٥٢ی ساڵی ٢٠١٧، و گەڕانەوە بە کارکردن بە دەرماڵەی ترسناک. هەروەها جێگیرکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەڕۆژانە کاردەکەن. هەروەها گەڕانەوە بۆ کارکردن بە دەرماڵەی پیشە و ئیداری، هەروەها پێدانەی بڕی پارەیەک بۆ چاکتر کردنی بژێوی و دەرماڵەی هاندان سەعات کاری زیادە. جەختیشیان لەوەکردەوە کە مافی خۆیانە ژیانێکی شەرافەتمەند بژین و بەبێ منەتی کەس.

### تێوەگلانی کۆمپانیای ئەپڵ.. خوێندکاران ڕۆژانە ١١ کاتژمێرکاریان کردوە بۆ بەستنی ئایفۆن لە چین.

**لەندەن**



کۆمپانیای ئەپڵ تاوانبار کرا بە" بەکاربردنی خوێندکارانی خوێندنگاکان بە شێوەیەکی نا یاسایی، و کارکردنیان بە سەعات کاری زیاد لە بەستنی دەزگای(ئای فۆن ئێکس)، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکە بەڵێنەکانی بباتە سەر لە ڕێگەی کۆمپانیای( فۆکسکۆن) کە خاوەنی پیشەسازی دەزگایە لە پارێزگای تسنغتشۆ لە چین.

ڕۆژنامەی( فاینانشیال تایمز)ی بەریتانی ڕۆژی ٣ شەممەی ڕابردوو ١٩/١١/٢٠١٧ ئاشکرای کرد، کە خوێندکاران لە کۆمپانیای( فۆکسکۆن) ڕۆژانە ١١ کاتژمێر کار دەکەن، بۆ بەستنی تەلەفۆنی تازە. ئەمەش بە شکاندنی یاسای کاری زیادە دادەنرێت لە چین. هەروەها گوتی کە ٣٠٠٠ خوێندکار لە تشنغتشۆ دەنێردرێنە سەر کار لە کارگەکانی فۆکسکسون، تەمەنیان لە نێوان ١٧و١٩ ساڵ دەبێت.

خوێندکارەکان جەختیان لەوە کردەوە کە" داوایان لێکراوە بۆ ماوەی ٣ مانگ بچنە ئەو کارگانە کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی لە کار، سەرەڕای ئەوەی کە کارەکە پەیوەندی بە بەرنامەی خوێندنەکەیانەوە نیە". یەکێکیان بۆ فاینانشیال تایمز قسەی کرد"خوێندنگەکەمان داوای لێ کردین بۆ کارکردن لەو شوێنە، بە پاساوی ئەوەی کە شارەزایی بەدەست دێنین".

لە بەرامبەردا ئەپڵ ڕاگەیاندنێکی دەرکردوە کە تێیدا دەڵێت" لە کاتی پێداچوونەوەمان بە ژمێریاری ئەم دواییانەدا، بۆمان ئاشکرا بوو کە خوێندکارانێکی ڕاهاتوو لەو کۆمپانیا چینیەدا زیاد کاریان کردوە. دڵنیا بووینەوە کە ئەو خوێندکارانە بە خۆبەخش کاریان کردوە، وە قەرەبوو و قازانجیان وەرگرتوە. بەڵام وا پێویست بوو کە ڕێگەیان نەدرێت سەعات کاری زیادە کار بکەن".

ئەپل ئەوەشی زیادکرد کە" ئەپڵ پابەندە بە دابینکردنی ڕێز و شەرافەتمەندی هەر کەسێک کە لە دەزگاکانی ئەوان کار دەکەن... بەردەوامیش دەبین لە هەوڵدان بەوپەڕی توان لە پێناو بەدەستهێنانی گۆڕانکاری ئیجابی و پارێزگاری کردن لە کرێکاران لەو دام و دەزگایانەی خۆمان". لە بەرامبەردا فۆکسکۆن بە فاینانشیال تایمزی ڕاگەیاند" کارەکان هەمووی خۆبەخش بووە، و بە قەرەبووی گونجاوەوە" بەڵام " راهاتوەکان سەعات کاری زیادە کاریان کردوە، ئەمەش لادانە لە سیاسەتی ئێمە".

### کەناڵیکی سویسڕی قەبارەی دۆزەخی کرێکارانی بیناسازی لە ئیمارات ئاشکرا کرد.

**جنێف/ سویسرا**




مۆزەخانەی لۆڤەر لە ئەبوزەبی کە لەم دواییانەدا کراوەتەوە بە ئامادەبوونی نێودەوڵەتی ڕاستیەکی تاریک دەشارێتەوە. بەرنامەی( خالّی ڕژێم) کە لە کەناڵێکی گشتی سویسڕی پەخش دەکرێت بەزمانی فەرەنسی( RTS) هەموو ڕۆژانێکی یەکشەممە لە هەفتە. چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرێکارە بیانیەکانی ئیمارات ئەنجام داوە و کە لەچ هەلومەرجێکی ناخۆش کار دەکەن.

ماوەی ١٥ ساڵە ئیمارات گەشەکردنێکی بەرزی بەردەوامی بەخۆوە دیوە، بە ملیارات دۆلاری دەستکەوتوە بەتایبەت لە سامانی نەوت. وای کردوە ئەو وڵاتە بتوانێت دامەزراوە و تەلار و بورج شوێنی زۆر خۆش دروست بکات.

ئەو بورجە سەرکەشانە و تەلارە خۆش و دامەزراوانە کە بە بازووی ملیۆنان لە کرێکاری بیانی دروستکراون، زوربەیان لە نیوەکیشوەری هیندستانەوە ڕایانکردوە لەو ژیانە ناخۆشەی کەهەیانە بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان باشتربکەن هاتوونەتە ئیمارات. کرێکارانی بیانی هاتوو بۆ ئیمارات بە ٨٠% ی دانیشتوانی ئیمارات مەزەندە دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٠ ملیۆن کەسە.

بەڵام، چی دەزانین دەربارەی هەلومەرجی ئەم سوپایە لە هێزی کاری کۆچبەر؟ هەندێک کرێکار لە بەرنامەی( خالّێ رژێم) دا لە یەکێک لە بیناکانی ئەبوزەبی وەڵامیان داوەتەوە، ئەوان ڕۆژانە ١٠ کاتژمێر کاردەکەن لە بەرامبەر ١٠٠بۆ ٢٠٠ فرەنکی سویسڕی و لە کۆتایی مانگ وەریدەگرن.

لە دۆکیومێنتاریەکی ڤیدیۆییدا کە دوای هەفتەیەک لە گەڕانەوەی ڕاگەیاندن کارە سویسڕیەکان لە کەناڵی گشتی سویسڕا پەخشکرایەوە، دوای ئەوەی ماوەی ٥٠ کاتژمێر لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ئیماراتەوە کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوە.

### یۆنان.. خانەنشینان لە دژی لێبڕینەوە لە مووچەکانیان خۆپیشاندانیان کرد.

**ئەسینا/یۆنان**

نزیکەی ٢٠٠٠ لە خانەنشینانی یۆنان لە ٢٣/١١/٢٠١٧ دا لە ئەسینای پایتەختی یۆنان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، دژ بە لێبڕینەوە تازەکان لە مووچەکانیان بەپێی چاکسازیە یاساییەکانی حکومەت لە چوارچێوەی چاکسازی و " سک هەڵگوشین). خۆپیشاندەران لە مەیدانی( کوسیاس) لە ئەسینا کۆبوونەوە لە سەر داوای ژمارەیەک لە نەقابەکان. خۆپیشاندەران شیعاری( هەموو شایانی مووچەیەکین کە شایستەی کەرامەتی ئینسان بێت) بەرزکردبۆوە.

لە پرسێکی پەیوەندیداردا، نزیکەی ١٠٠ هەزار فەرمانبەری کەرتی تەندروستی خۆپیشاندانێکیان لە سەر داوای یەکێتی کرێکارانی نەخۆشخانە حکومیەکان( بۆیدین) ڕێکخست، لە ئەنجامدا چوونە ناو تەلاری وەزارەتی تەندروستیەوە. خۆپیشاندەران ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرامبەر هەلومەرجی کاری قورس و بە مووچەی کەمەوە دەردەبڕی. خۆپیشاندەران هەڵسان بە دانانی مێزێک کە نان و زەیتونی لەسەر داندرابوو. لافیتەیەکیش کە لەسەری نووسرابوو( بەهۆی سەرۆک وەزیران ئەلکسیس تسیبراس و وەزیری تەندروستی، سزادراوین بە خواردنی نان و زەیتون بە تەنیا).

مانگی رابردوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا خانەنشینان ٢ جار خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە لە ئەسینا، دژ بە کەمکردنەوەی مووچەکانیان لە ساڵی ٢٠١٩، ئەم لافیتانەشیان بەرزکردبۆوە (پارە لەوانە وەرگرن کە هەیانە، نزیک مەکەونەوە لە خانەنشینان). مووچەی خانەنشینان بە ڕێژەی ٤٠% لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دابەزینی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی قەیرانی ئابووری لە یۆنان، کە ڕێژەی بێکاری دەگاتە ٢١% .




### کرێکارانی ٦ شوێن لە ئەڵمانیا کە سەر بە کۆمپانیای زەبەلاحی ( ئەمازۆن)ە، رۆژی هەینی ٢٤ نۆفەمبەر مانگرتنێکیان ڕێکخستن

کرێکارانی ٦ شوێن لە ئەڵمانیا کە سەر بە کۆمپانیای بازرگانی ئەلکترۆنی ئەمەریکی زەبەلاحی ( ئەمازۆن)ە، مانگرتنێکیان ڕۆژی هەینی ٢٤/١١/٢٠١٧ ڕێکخستن، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی بازاڕکردنی ساڵانەی( هەینی سپی)، داوای زیادکردنی کرێ و باشترکردنی هەلومەرجی کاریان کرد.

کرێکارانی کۆگاکانی ( ئەمازۆن) لە شارەکانی ( باد هیرسفیلد و لایبتسیج و راینبرج و فیرنە و جرابن وکۆبلنتس، دەستیان کردە مانگرتن لە نیوەی شەو تاوەکو کۆتایی شیفتی شەوانەی ڕۆژی شەممە، ئەمەش بەپێی نەقابەی( فیردی) بۆ کرێکارانی خزمەتگوزاری. ڕۆنی نوێنەری نەقابەی فێردی گوتی" لەسەر کۆمپانیای ئەمازۆنە شان بداتە بەر بەرپرسیارەتی لە پێناو دابینکردنی هەلومەرجی کار بۆ کرێکاران بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی کڕیارەکانیان بکەن".

هەروەها کرێکارانی یەکێک لە کۆگاکانی ئەمازۆن لە ئیتاڵیا لە شەودا دەستیان کردە مانگرتن بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کاریان. بەپێی نەقابەی ( یو.جی.ئیڵ) و ( سی،ئای،ئێس،ئیڵ) و ( سی،جی،ئای،ئیڵ) و ( یو،ئای،ئیڵ)ی کرێکاران لە ئیتالیا، پتر لە ٥٠٠ کرێکاری کۆگای ئەمازۆن لە کاستل سان جیۆفانی لە هەرێمی بیاسینزا لە باکوری ئیتاڵیا لە کاتژمێر ٦ یە بەیانی تاوەکو ٦ ی بەیانی ڕۆژی دوایی شەممە کاریان ڕاگرت.

( ئەمازۆن لە ئیتالیا) لە ڕاگەیاندنێکدا ئاماژەی بەوەدا" کرێی کرێکاران بەبەراورد لەگەڵ کرێکارانی ئەم کەرتە بەرزترە، هەروەها بیمەی تەندروستی و داشکان بۆ کرێکاران و بەرنامەی ڕاهێنان نموونەی شتی زیاترن بۆ ئەم کرێکارانە". لە هەمان کاتدا سارا کیلفی بەڕێوەبەری بازاڕ لە ئەمازۆنی ئیتاڵیا گوتی" مانگرتنەکە کار ناکاتە سەر کڕیارەکان و هەوڵ دەدەین لە کاتی خۆیدا شتەکانیان بەدەست بگات".

### بەریتانیا:
### لەڕۆژنامەی دەیلی تێلێگراف:
### بەرواری ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ ٢٥٠٠ کرێکار، بێکاردەکرێن




لە کۆمپانیای پالمر & هارڤی پالمر & هارڤی کە یەکێکە لەگەورەترین کارگە خسووسیەکان (پرایڤت) لە بەریتانیادا لەیەکەمین هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی باری ئابووری و مالی کۆمپانیاکە بڕیاری دەرکردنی ٢٥٠٠ کرێکاری داوە تەنها جەند هەفتەیەک پێش کریسمەس جێ بەجێ د. ئەم کۆمپانیایە کە کۆمپانیایەکی جملە فرۆشە (کۆفرۆشە) پێداویستی شمەک وکەلوپەلی ٩٠٠٠٠ بازار دابین دەکات لەتەواوی بەریتانیادا. جگە لەم ٢٥٠٠ کرێکارە ٩٠٠ کرێکاری تریش لە مەترسی دەرکردن دان لە پاش ئەوەی ڕووبەڕووی وەزعێکی مالی و بازرگانی پر قەیران بۆتەوە کە لەئاکامدا ئەو بڕیارەدراوە کە سەرەتا ٢٥٠٠ و دواتریش ٩٠٠ کرێکاری تر دەربکرێن. کرێکارێک لە کۆمپانیای پالمر & هارڤی بە -دەیلی تێلێگراف-ی گووت کە بەڕێوبەرانی کۆمپانیای (پالمر & هارڤی) لە (هێمێل هێمپستێد) و ئۆفیسەکانی (فارنهام) پێ یان راگەیاندون کە بچنەوە ماڵەوە. ئەم بڕیاری دەرکردنە هەر یەکسەر جێ بەجێ کرا . ئەم کۆمپانیایە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە دامەزراوە و دەستبەکارە وئەم کارگە خسوسیە (پالمر و هارڤی) دادەنرێ بە گەورەترین کۆمپانیای دابینکردنی جگەرە لەبەریتانیادا. لە سەدا ٤٠ ی فرۆشتنی کالاکانی ئەم کارگەیە تەرخاندەکرێ بۆ بازاری زۆر بەناوبانگی (تێسکۆ).

# لە پەراوێزی دواین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی بەرەنگاری توندوتیژیدا... نووسینی: لاوژە جەواد

نزیکەی دوو دەیەیە نەتەوە یەککگرتوەکان 25ی نۆڤێمبەری وەک ڕۆژی بەرەنگاری توندوتیژی بەرانبەر ژنان ڕاگەیاندوەو ساڵانە ئامارو ڕێژەی توندوتیژیە تۆمارکراوەکان بڵاودەکاتەوە لە ئاستی جیهاندا وە هەروەها پارەی زەبەلاح سەرف دەکرێت و کەمپینی بۆ ڕادەگەیەندرێت و ماوەی دوو هەفتە لەشێوەی جۆراوجۆر گفتوگۆو کارو چالاکی بۆ ساز دەدرێت.

نەتەوە یەککگرتوەکان لە ئاماری ئەمساڵی" 2017" ڕایگەیاند کە لەهەر سێ ژن یەکێکیان لە جیهاندا توندوتیژی بەرامبەر ئەنجامدەدرێت. ڕاپۆرتەکە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئێستا لە جیهاندا ٧٥٠ هەزار ژن بوونیان هەیە کە پێش تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیرییان پێکراوە. ئەوەش مەترسی لەسەر تەندروستی و داهاتووی ئەو ژنانە دروست دەکات. ئاماژە بەوەشکراوە، لە ٣٠ وڵاتی جیهاندا ژنان خەتەنە دەکرێن و ئێستاش زیاتر لە 250 ملیۆن ژن ئەم کارەیان بەرامبەر ئەنجامدراوە. هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێژەی ٧١%ی ئەو مرۆڤانەی کە بازرگانیان پێوە دەکرێت ژنن.

هەروەها ٤٥% بۆ ٥٥%ی ژنانیش لە یەکێتیی ئەورووپا لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت.

دیارە بەپێی ئەم خاڵبەندیانەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ توندوتیژی کردویەتی خاڵی یەکجار زۆرن و لە ئەشکەنجەی دەرونی و فیزیکی، دەستدریژی سێکسی، کرین و فرۆشتن، مەحرومبون لە خویندن و کارکردن، خەتەنەکردن...تاد لەخۆدەگرێت. دیارە خاڵێکی زۆر گرنگ و جەوهەری کە ستەمی سیستەمی سەرمایەداریە بەرامبەر ڕەگەزی مێ هیچ ئیشارەتێکی پینەداوەو من بە وردتر دێمە سەری و دەیخەمە ڕوو، بەڵام دەمەوێت سەرەتا ڕای خۆم بەرامبەر ئەو توندوتیژیانە بڵێم کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمیان ناسیوە، بەتایبەتی ئەم خاڵانەی لە ئاماری ئەمساڵ هاتون.

بەپێی ئاماری ئەمساڵ یەک لەسەر سێی ژنانی جیهان ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە، دیارە ئەوە تەنها ئەم ئامارانەن کە تۆمارکراون، هەر ئینساندۆستێک گوێی لەم ئامارە بێت لەجێگای خۆی ڕادەچڵەکێت و هەڵوێستەیەک دەکات.

ئەم ئامارە 750 هەزار کچی تۆمارکردوە کە بەر لە تەمەنی 18 ساڵیدا هاوسەرگیریان پیکراوە! وە هەر خۆشی باس لەوە دەکات کە زیانی بۆ تەندروستیان هەبووە!

کاتێک ئەم خالەم بینی لەجێگای خۆم ڕاچڵەکیم و کەوتمە بیری هەوڵی گۆڕینی یاسای ئەحوالی مەدەنی شەخسی عیراقی ساڵی 1959 کە هەوڵدەدات برگەکانی گۆڕانکاری پیبکات، لەژێر ناوی ئەوەی کە لە بڕگەی دوو دەستوری عیراقی هاتوە کە نابێت هیچ یاسایەک لەدژی شەریعەت و سەوابتی ئیسلامی بیت لەجێگای ئەوەدا یاسای کۆنەپەرستانەی جەعفەری بخاتە جێگای. لەم یاسایە پێشنیارکراوە ژنان لەچەندین مافی میرات بێبەری بکات، ژینگەی فرەژنی ئاوەڵەتر بکات، ژنان بکاتە کۆیلەی سێکسی و بە ماڵەوە بیانبەستێتەوە، وە گرنگترین و مەترسیدارترین خاڵی شەرعیکردن بەشودانی کچانی مندالی نۆ ساڵەیە!

جێگای داخ و نیگەرانیە، فرقەیەکی فەنتامەنتالیستی مەزهەبی یاسای کۆنەپەرەستانەی فیرقەکەی خۆی دەپەسپێنێتە ناو دەستوری بنەرەتی عێراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ کاردانەوە و هەڵوێستێکیان نەبووە، بەتایبەتی نەتەوە یەککگرتوەکان بێلایەنی و بێدەنگی هەڵبژاردووە.

عیراق یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لایەحەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتوەکانی ساڵی 1948ی ئیمزا کردوە، وە وڵاتانی ڕۆژئاواو نەتەوەیەکگرتوەکان پاڵپشتی سیستەمی نوێی عیراقن و بە سەرەتای سەرهەڵدانی دیموکراسی ناوی دەبەن، بەڵام لەبەرچاویانەوە پەرلەمانە دواکەوتو و ئیسلامیەکەی خەریکن کۆنەپەرستانەترین پێشنیار دەکەنە یاسا و دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان یاسایی دەکەنەوە، ئەوانیش بونەتە تەماشاچیەکی باش و تەنها ژمارە بە ئامارەکانیان ئیزافە دەکەن. بۆ خەتەنەکردنیش هەر بەهەمان شێوەیە زۆربەی ئەم وڵاتانەی ئەم کردەوە قیزەونەی تیدا ئەنجامدەدرێت وڵاتانی ئیسلامزەدەن، ئەم وڵاتانەن کە بە سیستەم و یاسا بەرەسمی شەرعیەت دەدرێت بە توندوتیژی بەرامبەر ژنان. زۆربەی ئەم وڵاتانەن کە دەستدرێژی کەر بە تاوانبار ناناسرێت بەمەرجێک ڕازیبێت هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانیەکە بکات، هاوپەیمانەکانیان کە زلهێزی پشتی نەتەوە یەککگرتوەکانن و لایەنگرانی "مافی مرۆڤ و دیموکراسین" بەچاوی خۆیان تاوانەکان دەبینن و لە لیستەکانیان تۆماریدەکەن، بەڵام لەبەرامبەر بەرژەوەندی پاوانخوازیان چاویان نوقاندوەو نوقەیان لێوە نایەت.

هەر لە ئامارەکەیان هاتووە کە لە سەدا حەفتای ئەوانەی بازرگانیان پیوەدەکرێت ژنانن! ڕێژەی ئاماری کۆیلەکان بەرەسمی چەندن کە کرین و فرۆشتنیان پیدەکرێت؟

ڕادیۆی ڕەسمی دانیمارک، لە مانگی نیسانی ئەمساڵ لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند، زیاتر لە 60 ملیۆن کۆیلەی ڕەسمی هەیە، وە لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2014ی نەتەوە یەککگرتوەکان باس لە 30 ملیۆن دەکات.

کین ئەوانەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن؟ ئایا لەلای نەتەوە یەککگرتوەکان، دەوڵەتە زەبەلاحەکان و بازرگانەکان پشت بازاڕی کۆیلایەتی نادیارن؟ ئایا هەر ئەم سەرمایەدارە گەورانە نین کە ئەمڕۆ لەژێر ناوی ئابوری لیبرالیزمی نوێ هەموو جیهانیان کردۆتە یەک بازاری بێ سنور بۆخۆیان؟ ئینسان وەک کالایەکی مەرغوبی بازاڕی بەرهەمهێنان دەبینێت و لەناویاندا ژنان بەهۆی ڕەگەزیانەوە سەرنجڕاکێشترن و پارەی زیاتریان پی قازانج دەکەن، بە بەردەوامی سنورەکانیان پیدەبردرێت و ئاڵوگۆڕیان پیدەکەن و دەنێردرێن بۆ بازاری لەشفرۆشی؟ هەر لەم ڕۆژانە شاهیدی ئەو ڕاپۆرتانەین کە گوزارش لە بازاڕی کرین و فرۆشتن کۆیلە دەکەن، کە بە ئاشکرا لە وڵاتی لیبیا بەڕێوە دەچێت.

بەشێک لەو توندوتیژیانە کە ژنان بە دەستیەوە دەناڵێنن، توندوتیژی یاسایین کە کەمتر نەتەوە یەکگرتوەکان دەچێتە سەری، بە هۆی سازشکاری لە گەڵ مەزهەبەکان و داب و نەریت و شەریعەت جیاوازەکان چاوپۆشی لیدەکات..

لە وڵاتانێک کە سەرکوت و خەفەقانی سیاسی تیدا بەڕێوەدەچێت ڕێژەی ئەو ژنانە چەندن کە دەبنە قوربانی ژن بونیان؟ ژنانی بەندکراوی بەشی سیاسی لە زیندانەکان دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەرو ئەشکەنجە دەدرێن، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەتایبەتی لە وڵاتانەی کە دەست بە کەلتورو فەرهەنگی کۆن گیراوەو یاسای ئیسلام بەسەریدا زاڵە و شەرەف لە ژندا دەبیندرێت کە ژنان لە سیاسەت دورکەونەوە لەپێناوی ئەوەی دەستدرێژی نەکرێتە سەریان. ئێمە لە ئێرانی ژێر دەستی جمهوری ئیسلامی شاهیدی ئەم دەستدرێژەین کە بە فەرمی دەکرێتە سەر کچانی زیندانی کاتێک مەحکوم بە مەرگ دەکرێن، پێش ئیعدام کردن دەستدرێژیان دەکەنە سەر لەبەرئەوەی لە ئیسلامدا گوناحە بە کچی بمریت. یاخود لە عیراقی ژێردەستی حکومەتی فاشیستی بەعسدا شاهید یان گوێبیستی چەندین داستانی دەستدرێژیکردنە سەر کچانی زیندان بوین. جۆرێکی تر لە توندوتیژی سیاسی بەرامبەر ژنان، بەکەم زانین و ئیعتماد نەکردنە سەریانە بەهۆی ڕەگەزیانەوە. تەنانەت ئەمە لەناو لایەن و ڕێکخراوە زۆر پێشکەوتوخوازەکانیش بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبیندرێت، کەمتر حسابت لەسەر دەکرێت چونکە ژنی. وە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش تەنها بۆت هەیە لەسەر پرسی ژن قسەبکەیت.

**توندوتیژی یاسایی**

توندوتیژی یاسایی یەکێکی تر لەو توندوتیژیانەی کە کەمترین جێگای بۆ داندراوە. دیارە ئاین یەکێکی تر لە وەسیلەکانی دەستی سیستەمی سەرمایەداری، ئێمە دەبیینین کە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا یاساکانی ئیسلام بەڕێوەدەچێت، بەپێی ئەم یاسایانە ژنان زەعیف و کەم عەقڵن، تەنها وەسیلەیەکن بۆ سێکس وە ئەوان کێڵگەی پیاوانن و پیاوان بۆیان هەیە بیانکێڵن.

هەروەک لەسەرەو ەئیشارەتم پیداوە لەهیچ شوێن و خاڵبەندیەکی نەتەوە یەکگرتوەکان فشاری سەر ژنانی کرێکارو هەقدەستی کەم و کرێی کەم بەرامبەر کاری هاوکێشی وڵاتانی سەرمایەداری نەخستۆتە ناو لیستی خاڵبەندی توندوتیژی سیستەم.

من پێموایە سیستەم و نیزامی سەرمایەداری لە بنەرەتەوە سیستەمێکی توندوتیژەو بنەماکانی بریتیە لە چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسان و فەرزکردنیان بەسەر یەکتریدا، بنەمای ئەم سیستەمە نا یەکسانیەو ئەمەش بەڕای من گەورەترین توندوتیژی کەمینە بەرامبەر زۆرینەیە.

جیاکاری نێوان ئینسانەکان بەشێکی جەوهەریە لە وجود و کۆڵەکەی بەردەوامی ئەم سیستەمە، ئەم جیاکاریانە ئۆکسیجنی میتابولیسمی ئەم نیزامەن، سیستەمی چینایەتی لە بنەرەتەوە هەوڵیداوە جیاکاریەکان مۆئەسەساتی کاتەوە و یەکێک بکات بە کۆیلە و ئەویتر بە خاوەن، یەکێک موڵکدار و ئەویتر ڕەعیەت، یەکێک ڕەنجدەر و یەکێ ڕەنجبەر.

جا ئەم هەڵاواردن و جیاکاریانە ڕەگەزی، جنسی، ئاینی یان هەر شتێکی تریان بێت. یەکێک لەو کۆڵەکانەی ئەم سیستەمە پشتی پێبەستوە جیاکاری نێوان ژن و پیاو و باڵادەستکردنی ڕەگەزێکیان بەسەر ئەوەی تریانە. دیارە ڕیشەی ئەم جیاکاریە زۆر لەوە کۆنترە، بەڵام سەرمایەداری لەپێناوی قازانجی هەڵپەرستانەی خۆی دەستی پیوەگرتوە.

هەر ئیستا لە وڵاتانی هەرە پێشکەوتوی سەرمایەداریدا ڕشتە و بواری پیشەی ژنان و پیاوان زۆر سیستەماتیکی جیاکراوەتەوەو هەر لە منداڵیەوە نەوەکان وا پەروەردە دەکرێن کە ئەم دوانە جیاوازن، لە بازاری فرۆشی ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگ بیگرە تا دەگاتە یاریەکانیان جیاوازن، لە داینگەو باخچەی ساوایەکان شوێن و یاریەکان جیاوازن، وە هاندانیشیان بۆ کاری دوارۆژ جیاوازە. ژنان هاندەدرێن مورەبی باخچەی ساوایان و دایانگاکان، پەرستار، سەرپەرشتیاری سۆسیال، مامۆستاو....بن. وەکاری پیاوانیش جیاکراوەتەوە. بۆنمونە خوێندنی مورەبیەک یان مامۆستایەک لەگەڵ پۆلیس کە زۆرترین ژمارەی پیاوان لەخوێدەگرێت هاوکێشن و هەمان مەرجی وەرگرتینیان هەیە، بەڵام موچەی پۆلیسێک تا لە سەدا 15 زیاترە لە هی مورەبیەک.

لە ئێستادا کە سەرمایەداری جیهانی خەریکی بەڕێوەبردنی ئابوری لیبرالیزمی نوێیەو دەیەوێت هەموو دامودەزگا حکومی و خزمەتگوزاریەکان تایبەتبکاتەوە، خەریکی لێگرتنەوەو تەقەشوفە، بەپێی ئەوەی زۆربەی ڕشتە خزمەتگوزاریەکان بە کاری ژنان ناسراون و زۆربەی ئەوانن کە لە خەستەخانەو، خوێندنگا، دایەنگا، ئیدارەی کۆمۆنەکان، مەڵبەندی بەساڵاداچوان کاردەکەن، ژنانی خستۆتە ژێر فشارێکی یەکجار زۆر، کرێکارانی ئەم ڕشتەیە دەبێت زۆر زیاتر لە تواناو کاتی خۆیان کاربکەن بەهۆی حەساری سیستەم بۆ ناوەندە خزمەتگوزاریەکان. هەر ئەوەش وایکردوە کە ڕێژەی ئەم ژنە کرێکارو کارمەندانە بکەونە ژێر فشاری دەرونی و توشی کەئابە ببن و هەندێک جار چەندین مانگ لەماڵەوە بمێننەوەو چارەسەری دەرونی وەربگرن. بەپیی چەند ئامارێکی نا فەرمی دانیمارک ڕێژەی ئەو کرێکارە ژنانەی بەهۆی فشاری دەرونیەوە ساڵانە وەک نەخۆش تۆماردەکرێن لە سەدا دەی تێپەڕاندوە. من پێموایە ئەمە یەکێکی ترە لە گەورەترین توندوتیژیەکانی سیستەم بەرامبەر ژنان، کە لەهیچ لایەنێکی فەرمی ئیشارەتی پینادرێت و نەخراوەتە چوارچێوەی توندوتیژی سیستەم.

بۆپێشەوە
FORWARD

# سیستەمی دینی بۆترساندنە،نەک بۆ دادپەروەری ...

نووسینی: عبدالرحمن رسول



لەناوسەرجەم دەقەکان وياساکانی ئایین ومەزهەبەکان بەگشتی وئایینی ئیسلامی بەتایبەتی زۆر باسی هەڕەشەوترساندن کراوە ,هەربۆیەشە سیستەمە ئیسلامیەکانی وەک ئێران هاوشێوەکانی زۆرینەی یاساکانی ناو دەستوورەکەی هەڕەشەی کوشتن لەمرۆڤەکان دەکات و دەیان ترسێنێت بۆئەوەی ملکەچی فەرمان ویاساکانی بن, هەرچەندە بەرپرسان ودەسەڵاتداران لەکاتی جێبەجێکردنی یاساکاندا بانگەشەی دادپەروەری دەکەن، بەڵام دادپەروەری بەچی تەنها بەکوشتن ولەسێدارەدان بەدی دێت؟ بێگومان درۆیەکی گەورەیە بۆبەدیهێنانی دادپەروەری، بەڵکو تەنها دەیانەوێت گەشە بەچەوسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت وتالانکاری سەروەت وسامانی کۆمەڵگە بدەن بەناوی چەسپاندنی دادپەروەرییەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کەدادپەروەری بەلەناوبردنی چەوسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت وکوشتن وئاوارەیی وهەژاری وبێکاری ودزی وگەندەڵی بەرپرسانی کۆمەڵگە بەدی دێت نەک دەرکردن وجێبەجێکردنی یاسای لەسێدارەدان وياساکانی کۆیلەکردنی ژنان ویاسای هاوسەرگیری کە هانی کچانی نۆساڵە دەدرێت کە هاوسەرگیری بکەن ولەژێرسیستەمی ئیسلامییشدا ناکرێت ڕێگری لەئاست جێبەجێکردنیدا دروست بکرێت ئەم یاسا دژ بەمافەکانی منالان وژنان لەئێران بەدرێژایی ٣٨ساڵە بانگەشە وپشتیوانی جێبەجێکردنی لێ دەکرێت ولەقۆناغ وسەردەمی ئێستاشدا دەگوازرێتەوە بۆناویاساکانی دەوڵەتی عێراق کە بەپرۆژەی یاسای جعفری ناسراوە لەئەساسیشدا لەیاساکانی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانەوە گواستراوەتەوە بۆدەوڵەتی ئیسلامی عێراق.

سەرجەم یاساکان تەنها وەکو هەڕەشەی کوشتن وترساندن بانگەشەی مانەوەیان بۆدەکرێت نەک بۆچەسپاندنی عەدالەت ودادپەروەری. عەدالەت ودادپەروەری لەکوێدایە کەمنداڵی نۆساڵانە هاوسەرگیری پێ بکرێت؟! بەزۆروبەپێی یاسا بێبەش بکرێت لەماف وخۆشییەکان ویارییەکانی منالانە، وئەرک وبەرپرسیارێتی ماڵ ومێرد وخێزانی بکەوێتە ئەستۆ، چۆن بەوە دەگوترێت دادپەروەری وماف پەروەری؟! ئەم یاسایانە سوکایەتی ودژایەتیکردنی ڕاستەوخۆیی مافەکانی منالانە بەئاشکرا.

لەبەرئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران وعێراق وشیاریان لەئاستێکدا نییە کەبتوانن خۆیان ڕێکخراو بکەن وبەتێکۆشانی یەکگرتوانەیان سەرجەم کۆمەڵگە بلەرزێنن نەک تەنها ئەویاسایانە، بەڵکو سەرجەم سیستەم ودەسەڵاتی ئیسلامیش لەئێران وعێراق لەڕگەوە هەڵبکێشن هەتاوەکو ووشیاربوونی تاکەکانی کۆمەڵگە کەهەنگاو بەهەنگاو لەهەڵچووندایە لەدژی چەوسانەوەو سەرکوت ونادادپەروەری ولەسێدارەدانی گەنجان ولاوان لەچاوەڕوانی ئاڵوگۆڕەکاندا دەبێت. کۆمەڵگەی ئێران وعێراق، بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی وڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەهەڵچوونێکی بەهێزدایە لەقۆناغی ئێستادا لەیەک دەرفەت وهەل وبیانویەک دەگەڕێت بەڕووی سیستەمی چەوسێنەروسەرکوتی کۆماری سێدارەی ئیسلامیی ئێراندا بچێتەوە بەهاوکاری وپشتیوانی سەرجەم ئازادیخوازو یەکسانیخوازانی ئێرانی لەڕگ وڕیشەوە ئەم سیستەمە دەربهێنن وبگۆڕدرێت بەسیستەمێکی سیکۆلارو ئازاد کەماف وئازادی سەرجەم نەتەوەوئایین وبیروباوەڕە جیاوازەکان دابین بکات.

بەپێی گۆڕانی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەرکردنی یاساو دەستوور بۆمرۆڤەکان بەپێی گەشەی وشیاری مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە بۆداهاتوو وئایندەش گۆڕانی زیاتری بەخۆیەوە دەبینێت لەگەڵ گەشەی وشیاری وگەشەی پەروەردەو فێربوونی بوارەکانی زانست وزانیاری لەسەرجەم بوارەکاندا. ئەو کۆمەڵگەیانەی کەلەلایەن سیستەمی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەچێت بەڕووی جیهانی زانست وزانیاری شارستانیەت وئازادی ڕیفاهیەتدا گۆشەگیرکراون وزنجیرکراون و ڕێگای هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک و نوێ بوونەوەیەکیان پێ نادرێت بەسەرکوت وچەوسانەوە تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلامییەکان فەرمانڕەوای دەکرێت. ئەوانەی لەناوسیستەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا بەرپرسن بەهەمان جۆری سەدەکانی ڕابردوو گوزارشت لەفکرو بیروبۆچوونە کۆنەخوازییەکان و دژەمرۆڤایەتییەکان دەکەن، هەروەک جیهانی مرۆڤایەتی هیچ جۆرە گۆرانکاریەکی بەسەردانەهاتبێت، تەنها لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان باکیان لەهیچ جۆرە سوکایەتیەک نییە کەخۆیان بەدەرکردن وجێبەجێکردنی یاسا کۆنەپەرست ودژە مرۆڤایەتیەکانیان پەرە بەدەسەڵات وجۆری سیستەمیان دەدەن.

ئەگەرچی لەسەردەمی ئێستای مرۆڤایەتیدا بەهۆی زاڵبون وبەرگریکردن لەسیستەمی جیهانی سەرمایەداریدا زۆربەی ئەو یاسایانەی کەلەوڵاتانی جیهاندا مرۆڤی پێ دەچەوسێتەوەو ئازاردەدرێت ومافە ئینسانییەکانی لێ زەوت دەکرێت، بەڵام لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لایەنی دەسەڵات وحکومەت وکەمینەی خەڵکی کۆمەڵگەکان کەنەجیب زادەو سەرمایەدارو دەسەڵاتدارەکانن. کەدیارە ئەوانیش کەمینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن .جێبەجێکردنی یاسا کۆنەپەرست وچەوسێنەرەکان درێژەی پێدەدرێت. هەژاری وبێکاری وقەیران وکێشەی جۆراجۆر گەشەی پێدەدرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەکان کەڕازین وشوکرن بەوسەردەمەی ئێستاکە تێیدا دەگوزەرێن هیچ هەنگاوێک نانێن بۆگۆڕانکاری بۆئایندەیەکی باشتر بۆخۆیان.وشیاری بەمانای باوەڕبوون بەمرۆڤ بوونی خود، باوەڕبوون بەمرۆڤ بوونی خود واتە باوەڕبوون بەمافی ئینسانی مرۆڤەکانی تربەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاینی ونەتەوەیی ورەگەزیی وچینایەتی ورەنگەکان. ئەم تێڕوانینە لەژێرسیستەمی دینی بەگشتی وسیستەمی ئیسلامیی بەتایبەتی مەحاڵە هەرگیز نابێت. سیستەمی دەسەڵاتی داعشی ئیسلامی وکۆماری ئیسلامیی ئێران یەک جۆر دەسەڵاتن لەناوەڕۆکدا، بەڵام لەدیوی دەرەوەدا ئەو داعش سوننە مەزهەبە وئەوی تریان کۆماری ئیسلامیی ئێران شیعە مەزهەبە. بۆدەوڵەتی ئیسلامی عێراق وهاوشێوەکانیان هەمان چەشن وجۆرە بۆسەرکوت وئیستبداد وچەوسانەوەو کوشتن و لەسێدارەدان کاتێک دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان بەهێزبێت. پەیوەندی خاوەن بڕوانامە بەوشیارییەوە بەمەبەستی دڵسۆزی هەنگاونان بۆگۆڕانکاری باشتر بۆڕزگاری کۆمەڵگە لەدەست چەوسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت، زۆرن کە خاوەن شەهادەو بڕوانامەی جۆراوجۆرن بەپلەی باڵا زۆریش ماندوون بۆئەوەی کەبتوانن دارێک لەسەربەردێک دابنێن بۆئەوەی گۆڕانکاری لەسیستەمی دەسەڵاتی چەوسێنەرەکاندا بکرێت، زەهنیەت و وشیاری مرۆڤ پەروەریان زۆربەهێزە زۆریشیان قوربانی داوە ماندووبون، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆرتریان لەڕووی وشیاری مرۆڤایەتیەوە زۆرلاوازن بێ کاریگەرن بۆزەهنیەتی مرۆڤایەتی بوونیان. لەپێناو بەرژەوەندی کەسی وهۆکاری لاوازبوونی ئیرادەی ئینسانیان بێ دەنگ وبێکارن لەئاست جێبەجێکردنی یاسا دژئینسانییەکان لەبەرامبەرمرۆڤەکانی تردا کەبەهەر بیانوێکەوە بێ نیشانەی هەبوونی فکروئایدیاو زەهنێتی بیرکردنەوەی ناخ وناوەڕۆکی مرۆڤە شهادەدارو بڕوانامەدارو سیاسەت زان و ڕۆشنبیرەکانی سەدەی ئێستایی مرۆڤایەتییە کە لەهەرکۆمەڵگە ولاتێکدا بگوزەرێت وبژیت جیاوازی نییە، تەنها ئەوە نەبێت یاساکانن ڕێگری دەکەن لەبەرئەوەی تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندییە کەسی یەکانی خودی خۆیان دەکەن، ئەمەش بۆ وڵاتانی شارەستانی وپێشکەوتو سیکۆلار باشتر دەرکەوتووە، بەڵام لەکۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا ئەم بەقسەی بریقەدارو ڕازاندنەوەی وشەکانیان تاکەکانی کۆمەڵگە وشیار دەبنەوە پەردەپۆشدەکرێت وتاکەکانی پێ فریودەدرێت.

لەکۆمەڵگەی وەک ئێران وعێراق و هاوشێوەکانیان دەستوورو سیستەم ویاساکان بۆنی تەپوتۆزی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەتاریکەکانی لێدێت، ئایینی ئیسلام کراوەتە پەرژینێک بۆپاراستن وهێشتنەوەی دەستوورو سیستەم و یاسا کۆنەپەرست و دژەمرۆڤایەتییەکان هەروەک بەڵایەک دەستی گیرکردووە لەبینەقاقای کۆمەڵگە بۆئەوەی ڕێگربێت لەگەشەکردنی بەرەو شارەستانییەت وپێشکەوتن و نوێ بونەوەی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکاندا.

هەربۆیەشە کەمینەیەک لەمرۆڤەکانی کۆمەڵگە لەو دوو کۆمەڵگەیەدا لەخۆش بەختی وبەختەوەری وئاسوودەیی و ڕیفاهیەت لەسەرجەم بوارەکاندا دەگوزەرێن. تەنها لەڕوویی تەندروستی ونەخۆشییەوە سەیر بکەن باشتر ئەوە ڕوون دەبێتەوە ڕاستییەکە، کاتێک سەرۆک وجێگر وەزیرو حکومەت و پەرلەمان و ئەندام پەرلەمان وبەرپرسەکانی تریش کەخاوەن حیزبن وسەرۆکی حیزب وبەرپرسی باڵای حیزبن کەمترین نەخۆشیان هەبێت بەپەلە بەفرۆکەی تایبەت بۆنەخۆشخانەی تایبەت بۆپێشکەوتووترین دەوڵەتانی ئەوروپای دەبرێن بۆچارەسەرکردن، بەڵام کوڕوکچە کرێکارو فەرمانبەرو زەحمەتکێش وهەژارێک نەخۆش دەکەوێت دەچێتە نەخۆشخانەیەکی گشتی حکومی دەرمان وپێداویستی تەندروستی بۆدابین ناکرێت پێشی دەڵێن دەوڵەت هەرئەوەندەی توانا هەیە لەبەرئەوەی قەیران وکێشەی ئابووری هەیە. لەبوارەکانی ئاو و کارەباش هەربەهەمان جۆرە بەرپرسەکان لەبەهەشت ئاسا کەمەلاکان باسی دەکەن بانگەشەی بۆدەکەن دەژین وخەڵکیش لەگوزەرانێکی زۆر نالەبارو خراپ و پڕ لەدەردو کێشەی جۆراوجۆردا کەبەرپرسەکانی دەسەڵات بەهۆی دەرکردن وجێبەجێ کردنی یاسا کۆنەپەرست وچەوسێنەراکانیانەوە بۆخەڵکی هەژاروزەحمەتکێش وکرێکارو کارمەندی خوڵقاندووە. پێشیان دەڵێن دەوڵەتانی ئەوروپا وئەمریکا کافروبێ دینن نابێت وەک ئەوان بژین وبگوزەرێین لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئێران وعێراق زۆرینەی ئیسلامە، مەلاکان لەمزگەوتەکان پڕبەگەرویان هاواردەکەن جائیز نییەو حەرامە تەنانەت کەناڵە تەفیزیۆنەکانیشیان بکەیتەوە نەک چوون بۆوڵاتەکانیان. کەچی بەشێکی زۆر لەمەلاکان کەس وکاروکوڕوکچ وخانەوادەو بۆخۆشیان بەکەیفی خۆیان دەگەڕێن لەو وڵاتانەی کە بەکافروبێ دین ناوی دەبەن. پارەی سۆشیال هەڵدەلوشن کەپێیان وایە پارەی باڕو نادی و دیسکۆو مەلەوانگەی تێکەڵی کوڕان وکچانە حەرامە کە لەمینبەرەکانی مزگەوتەکانیانەوە دژایەتی سیستەمی سیکۆلاری دەوڵەتانی ئەوروپای پێ دەکەن.

سیستەم ویاساکانی ئیسلامی لەوجۆرە دەوڵەتانە گرێدراوە بەبانگەشەی جیهادو پارێزگاریکردن لەسیستەمی ئیسلامیی هەروەک خۆیان بانگەشەی بۆدەکەن ویاسا ودەستوورە ئیسلامییەکەی بەزۆر بەسەرخەڵکی کۆمەڵگەدا دەسەپێنن گوایە بەملکەچ بوونی خەڵک بەهەژاری ودەردو کێشەکانیانەوە بەدەرنەچوون لەژێرسایەی ئەم یاسایانە ئەگەرچی لەسەردەمی ئێستای دونیاییدا ئازاریش دەکێشن، بەڵام بەهۆی هەبوونی سەبرو شوکرانە وڕازی بوونیان بەم جۆرە سیستەم ویاسایانە کەئیسلامییە لەپاش مردنیان دەچنە بەهەشت وخۆشی بەبێ کۆتایی واتە هەتا هەتا لەخۆشی وشادیدا دەبن، بەڵام ئەگەر بەقسەی بەرپرسەکان ومەلاکان نەکەن خەڵک دەچنە جەهەنەم وبەئاگر دەسوتێن. ئەم وتانە جگە لەدرۆ و دەلەسە هیچی ترنییە، تەنها بۆفریودانی خەڵکە وهیچ تر، دەیانەوێت بەدەسەڵاتیان لەسەرزەوی لەجەهەنەم ئاگری ناعەدالەتی وسەرکوتیان بسووتێنن.

ئەگەر بەرپرسانی ئیسلامی ڕاست دەکەن با لەسەر ئەودونیایە خۆشی و بەختەوەری وئازادی ودادپەروەری بۆخەڵک بەدیبهێنن نەک لەسێدارەدان وکوشتن وچەوسانەوەو ئازاردان. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەبێت خەڵک خۆیی بیر لەچارەنووسی خۆی بکاتەوە، دەبێ پیلانی ئینسان کوشتنی حکومەتەکان بەناوی دابینکردنی ئەمنیەتی گشتی لە دەستیان دەربهێندرێت و هەمووان بەیەکەوەو یەکگرتوانە بڕوا بەوە بێنن کە تێکرار بوونەوەی قەتڵی نەفسی ودەروونی دەوڵەتی بەناوی سزایەکی پێشگیری تەنیا ڕەوایەت بە ئیعدام ئەدات و نیهادینەی دەکات. ئەم ڕژیمە ئیسلامییانە بۆ بەردەوام بوونی تەمەنی پڕ شەرمەزاری خۆیان پێویستیان بە ماشێنی قەتڵ و کوشتار هەیە بەشمشێرەکانیان هەر بۆیە بەردەوام زیندانەکانیان جمەی دێت وپڕە لەخەڵکی تێکۆشەری ئازادیخوازو یەکسانیخواز. ئەم مەکینەی دەسەڵاتە دەبێ تێک بشکێندرێت و ڕابگیرێت لەلایەن خودی خەڵکەوە کەتەنیا بە ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەش ئەم مەکینەیە ڕادەوەستێ.

ئەبێت خەڵک چارەنووسی بەدەستی خۆیی بێت، ئەبێت خەڵک بەیەکەوەو بەیەکگرتوویان وەڵامی ئەوپرسیارە بدەنەوە کەچۆن بەدەستی خۆیان و بەئارەزویی خۆیان چارەنووس ومافەکانیان دیاری بکەن؟ ئەبێت هەنگاو بەهەنگاو خەڵک بە وشیاربوونەوەی خۆیان بۆبەدەستهێنانی ماف وئازادییەکان کاری لەسەربکات. ئەوپرسیارانە لەخۆیی بکات وهەرخۆشی بەدوای وەڵامە دروستەکاندا بگەڕێت. چۆن دەکرێت تەواوی خەڵک بێبەش نەبن لەخۆشی وشادییەکان وئاسوودەیی وئازادی وڕیفاهیەت وشارستانیەت؟ یەک ڕێگاچارە هەیە ئەویش تەنها بەتێکۆشانی یەکگرتوانەو هاوخەباتی و دڵسۆزانەی خەڵک بۆماف وئازادییەکان وسیستەمێکی سیکۆلارو مەدەنی وئازاد بەدی بهێندرێت.

# لەچەندین مەراسیمی پرشکۆدا، یادی خەباتکارانەی" گوڵزار حەمە ڕەفیق" کرێکاری کۆمۆنیست بەرێوە چوو...



هاوڕێ گوڵزاری کرێکاری کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوی شوراکان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەبەرواری ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ دا بەکارەساتی هاتوچۆ لەشاری تۆرنتۆی کەنەدا، بۆ هەمیشە ژیان ئاوایی لە خیزان و هاوڕێ و هاوچینەکانی کرد... ماڵئاوایی هاوڕێ گوڵزار خەسارەتێکی قەرەبوونەکراوی ناوادە بوو... بەو بۆنەیەوە، و بۆ ریزگرتن لە یادی خەباتکارانەی چەندین دەهە لە تیکۆشانی نەبراوەی کۆمۆنیستی ئەو هاوڕییە، لە وڵاتەکانی کەنەداو بەریتانیاو فنلند، مەراسیمی ڕێزلێنانی بۆ سازکرا... ئەمەی خوارەوە کورتەیەکی ئەو مەراسیمانەیە... شایانی باسە بەرواری ١٠/١٢/٢٠١٧ لە ئوستراڵیاو لەشاری سیدنیش مەراسیمێک بۆ یادی خەباتکارانەی هاوڕێ گوڵزار ڕێک دەخرێت...

**کەنەدا:**

### مەراسیمی ڕێزلێنان لە هاوڕێ ( گوڵزار حەمەڕەفیق عارف) لە کەنەدا

بۆ ڕێزلێنان لە خەباتی ٤ دەهەی هاوڕێ گوڵزار، هەردوو ڕێکخراوی کەنەدای حککک و حککع و خانەوادەکەی مەراسیمی ڕێزلێنان و بەخاکسپاردنیان بە بەباڵای ماندووبوون و خەباتی خۆی بۆ بەرێخست.

ڕۆژی هەینی ١٧ی نۆڤەمبەر لە شاری تۆرنتۆ/ کەنەدا ڕێورەسمێکی شایستە بەبەشداری زیاتر لە ٣٠٠ کەس بەرێوەچوو، مەراسیم لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە لەلایەن ڕێکخراوی کەنەدای هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عیراق و هاوڕیانی و خانەوادەکەیەوە بۆ ڕێزگرین لە یادی خەباتکارانە و ڕۆڵی ماندونەناسانەو کارکتەری دڵسۆزو میهرەبانیەکەی دەستی پێکرد... سەرەتای مەراسیم بە دانانی گوڵی وەفاداری دەستی پێکرد کە پتر لە کاتژمێرێک چەپکە گوڵ لەسەر تەرمەکەی دانرا.

مەراسیمەکە لە لایەن بەڕێز( گوڵزار محەمەدە) وە بەرێوە چوو، بەدوای بەخێرهاتنی ئامادەبوان و ساتێک بێدەنگی وەستان وسروودی ئەنتەرناسیۆناڵ دەستپێکی مەراسیم بەرێوەچوو.

هیوا جەمیل هاوڕێ و هاوژینی هاوڕێ گوڵزار یەکەم کەس بوو کەلەسەر ژیان و خەباتی هاوڕێ گوڵزار قسەی کرد. ئاماژەی بە لەخۆبووردەیی و ماندوونەناسی و میهرەبانی کرد لە تەواوی ٢٥ ساڵ بەسەربردنی ژیانی هاوسەری و هاوخەباتی. هەروەها ئاماژەی بەو شتانە کرد کە لە گوڵزارەوە فێری بووە.

بە دواییدا هاوڕێ (سەمیر عادل) ئەندامی م.س حککع لە وتەکەیدا ئاماژەی بە دەور و نەخشتی ڕێکخراوی ئافرەتان کرد لە کوردستان کە هاوڕێ گوڵزار یەکێک بوو لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی، کە توانیان پرسی بێمافی ژنان بکەنە پرسی کۆمەڵگە، وە گوتی لەدەستدانی ژنانی وەک گوڵزار ڕێگا خۆشتر دەکا بۆ پەرلەمانی عێراق کە یاسای جەعفەری بەئاسانی تێپەڕێندرێت. هەروەها گوتی بە ئومێدێکەوە یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەینەوە، کە زۆر پێویستمان بە هەڵسوڕاوی کرێکاری و جەماوەری وەک گوڵزار دەبێت.

پاشان تۆلاسی کوڕی هاوڕێ گوڵزار لە وتەیەکیدا بەزمانی ئینگلیزی ئاماژەی بە دایکایەتی دایکی کرد و کە هەرگیز کەس ناتوانێت کەس جێگای ئەوم بۆبگرێتەوە و زۆر قەرزاری میهرەبانی و خزمەتی دایکمم، بەداخەوە نەمتوانی پاداشتی ماندووبوونی ئەو بدەمەوە.

پاشان لە ڕێگای ڤیدیۆی تۆمارکراوە وە لە کوردستان هاوڕێ ( موحسین کەریم) جێگری سکرتێری حککک وتەی م.س حزبی ئاراستەی ئامادەبوانی کرد. هاوڕێ محسن ئاماژەی بە دەورو نەخشی بەرچاوی هاوڕێ گوڵزار کرد، هەر لەسەردەمی شووڕای ئەلبسە و دامەزراندنی حککع و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان تا دەگاتە چالاکیەکانی لەگەڵ هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق لە کەنەدا. کە دواهەمینیان خۆپیشاندان بوو دژ بە هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوک و دەوروبەری لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧.

بەڕێز نورەدین جەمیل برای هاوڕێ هیوا دوای وتەیەکی کورت کە تێیدا ئاماژەی بە سۆز و هاوڕێیەتی کرد لەگەڵ هاوڕێ گوڵزار، تەواوی ژیانی هاوڕێ گوڵزاری بۆ ئامادەبوان خوێندەوە.

لە نێوان بڕگەکاندا بەرێوەبەری مەراسیمەکە شیعرێکی کاکە زریانی خوێندەوە. هاوڕێ ئەمجەد علی سلاید شۆیەکی وێنەیی ئامادەکردبوو لەسەر ژیان و هەڵسوڕانی هاوڕێ گوڵزار، کەتێیدا هەڵسوران و چالاکیەکانی بەوێنە قسەی بۆئامادەبوان دەکرد. هاوڕێ چیمەن حەمەڕەفیق هاوڕێ و خوشکی ئازیزی هاوڕێ گوڵزار بەدوای سوپاس گوزاری بۆ ماندووبوونی هاوڕێیانی لە تۆرنتۆ و شارەکانی دیکەی کەنەدا و خانەوادەکەی قسەکانی دەستپێکرد. دواجار هۆنراوەیەکی کاک ( مەجید حەمە ڕەفیق)ی برای هاوڕێ گوڵزاری خوێندەوە کە بۆ مەرگی لەناکاوی هۆنیبوویەوە.

> **نامەیەکی سوپاس گوزاری لەخێزان و کەس وکاری گوڵزارەوە بۆ هاوڕێ و هاوبیرانی گوڵزار**
>
> برایان- هاوڕێ و هاوبیرانی گوڵزار
> لە کەنەداو بەریتانیاو ئوستورالیاو وڵاتەکانی تری ئەوروپا
> ئیمە وەکو بنەماڵەو کەسوکاری گوڵزارو هیوا لە کوردستانەوە سڵاوی پڕ لە ڕیزو وەفا ئەنێرین بۆتان، بۆ ئەو هەموو گرنگی پێدان و وەفادارییەی کە نواندوتانەو دەینوێنن لە پرسەو کۆری ماتەمینی و بەخاکسپاردنی گۆری غەریبمان..
> هیوادارم مەرگی ئەو خوشکەی دڵسۆزەی ئێمەو ئەو هاوڕی ئازیزەی ئێوە ببێتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندی و هاوڕیزیتان وە لەگەڵ هەموو یادکردنەوەیەکی گوڵەدا دڵی هیواو تۆلاسی دڵشکاو بدەنەوە، بەوە روحی گوڵزار شادو ئاسودە بکەن. وە ئەوەی لەدەست ئێمەیش بێت سوپاسی بێ کۆتاییمانە بۆ ئێوەی ئازیزو خۆشەویست...
> لەگەڵ ڕێزماندا
> لەبری بنەماڵە
> براتان

تێیدا ئاماژەی بە دەوری گوڵزار دەکر لە ناو خانەوادە و خۆشەویستانیدا.

هاوڕێ سەمیر نوری سکرتێری حکک چەپی عێراق لە وتەیەکی کورتیدا ئاماژەی بە دڵسۆزی و خۆراگری هاوڕێ گوڵزار و هیوا کرد بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و حزبەکەی. هەروەها سەرەخۆشی حکک ئێران حیکمەتیست خوێندرایەوە لە لایەن هاوڕێ( گوڵزار محمد) وە. پاشان پەیامی سەرخۆشی حکک ئێران حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی لەلایەن مینۆ هومەلی وە خوێندرایەوە.

بەشێکی کەی بەرنامەی مەراسیمەکە هۆنراوەیەکی هاوڕێ ( حسن مارف) بوو کە هەر بەو بۆنەوە نووسیبووی. جگە لە وتەیەکی کورت کە ئەویش بەناوی خانەوادەی هاوڕێ گوڵزارەوە سوپاسی هەموو لایەکی کرد. خونچەی تازە پێگەیشتوو ( لاریا گوران باهیر) وتەیەکی کورتی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشکرد، کە تێیدا ئاماژەی بە سۆز و خۆشەویستی گوڵزار دەکرد بۆی. لە خۆشەویستیت بێبەش دەبین و جێگات بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، ئەوە بەشێک بوو لە قسەکانی لاریا.

هاوڕێ کاوان قادری پەیکەرتاش بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و ماندووبوونی هاوڕێ گوڵزار باجێکی یەخەی دروستکردبوو لە وێنەی هاوڕێ گوڵزار و ئارمی حککک ی بەسەرەوە بوو، ئامادەبوان بە یەخەیانەوە بوو. هەروەها مەدالیایەکی پەیکەریشی بۆ درستکردبوو و شانۆی هۆڵەکەی پێ ڕازابۆوە.

هەروەها هاوڕێ ( جلال سعید) کەمپینێکی کۆمەک کۆکردنەوەی بەناوی( کەمپینی گوڵزار بۆ ئاوارەکانی دووزخورماتوو و کەرکوک) ڕاگەیاند. ئەوەش ڕێزێکە بۆ دوا قسەکانی هاوڕێ گوڵزار کە ( پێشنیاری کردبوو لە نموونەی کۆمەک بۆ کۆبانێ، کەمپینێک بەرێبخرێت بۆ یارمەتی ئاوارەکانی دووز و کەرکوک دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە سەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان لە فەشەلی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتیاندا لەگەڵ هێرشی حەشدی شەعبی بە یارمەتی ئێران کرایەوە سەر ئەو ناوچانە).

لە کۆتاییدا لە لایەن بەڕێز( محمد) ئامۆزای هاوڕێ گوڵزارەوە وتەی سوپاس گوزاری خانەوادەکەی کە لەلایەن کاک مەجیدی برایەوە ئاراستەی هاوڕێ و خۆشەویستانی گوڵزار کرابوو لە کێشانی ئەرک و ماندووبوون. وە ئاماژەی بەوەکرد کە هاوڕێیانی گوڵزار دڵسۆز و جێی شانازی خانەوادەکەیان و ڕاستگۆ بوون بۆ بیروباوەڕەکەی گوڵزاری خوشکیان، کە تەمەنێکی زۆری ژیانی بۆ ئەو بیروباوەڕە بەخەرج داوە.

شایانی ئاماژەیە کە تەواوی مەراسیمەکە ڕاستەوخۆ لە پەیجی ڕادیۆی پێشەنگ لە فەیسبووک پەخشکرا. جێی ئاماژەیە کە ڕۆژی دواتر کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی لە مەراسیمێکی شایستە و شکۆدار و بەبەشداری پتر لە ٢٠٠کەس بەخاکسپێردرا و جگە لە چیمەن حەمەڕەفیقی خوشکی هاوڕێ گوڵزار لە سوپاسکردنی ئامادەبوان و ماندووبوونیان لەم چەند ڕۆژەدا، هەریەکە لە هاوڕێیان گۆران باهیر و سەرگوڵ سەلمە (سەرگوڵ ئەحمەد ) و جلال سعید وتەی خۆیان پێشکەش کرد و بە گوڵبارانکردنی ناو قەبرەکە و سەر گڵکۆکەی و سروودی ئەنتەرناسیۆناڵ بە دەنگی هاوڕێیانی کۆمۆنیستی گوڵزار کۆتایی بە مەراسیمی بەخاکسپاردنی هات.

**فنلاندا:**

### مەراسیمی ڕێزلێنان لە هاوڕێ گوڵزار لەفنلاند

بەرواری ١٩/١١/٢٠١٧کۆمیتەی فنلاندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان مەراسیمی گیان لەدەستدانی هاوڕێ و گوڵزار حەمەڕەفیق ی لە شاری هیلسینکی ڕێکخست، مەراسیمەکە لە لایەن هاوێێ مستەفا باهیرەوە بەرێوەبرا. هاوڕێ مستەفا پاش بەخێرهاتنی گەرمی هاوڕێیان و ئامادەبوانی مەراسیمەکە، سوپاسی ئامادەبونیان کرد و کەبتوانین پێکەوە ڕێز لە ژیان وخەباتی هاوڕێ گوڵزار بگرن. مەراسیمەکە بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەک وەستان و بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ژیانی هاوڕێ گوڵزار گیانبەختکردوانی ڕێگای سۆشیالیزم دەستی پێکرد.

وتاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەلایەن هاوڕێ ئاڵا فەرەج لێپرسراوی ڕێکخراوی فنلاندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پێشکەش کرا و پاشان هاوڕێ سامان کەریم وتاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکایی عێراقی پێشکەشکرد کە دەسنیشانی دەوری کارو خەباتیان لە شورای ئەلبیسەی سلێمانی و چالاکی کۆمۆنیستی لەگەڵ گوڵزار و هاورێکانی کرد، وە باسی ئەوەی کرد ئەوە گوڵزار و هاورێکانی بوون یەکەم بنکەی شورایان لە کارگەی ئەلبیسە کردەوەو باسی دەور و نەخشی گو ڵزاری کرد لە کۆمەک کردن بە پێکهێنانی حزب و کۆمەک بە خەڵکی کۆبانی و ....

پاشان وتاری مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەلایەن هاوڕێ موحسێن کەریم لەرێگای سلاید شۆوە پێشکەش کرا. پاشان ئامۆزای هاوڕێ گوڵزار، ڕێبوار معروف لەسەر ژیانی گوڵزار وتەیەکی پێشکەش کرد و گۆرانیەکی پێشکەش بە گوڵزار کرد لەسەر داوای هاوڕێ چیمەنی خوشکی کە گوڵزار حەزی لەو گۆرانیە بوو.

پاشان گەشتێک بە ناو ژیاننامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوڕێ گوڵزار لەلایەن هاوڕێ ئاڵان دانیارەوە پێشکەشکرابە وێنەوە و مەراسیم بە پارچە پەخشانێیکی ڕازاوەی هاوڕێ سیروان حەمە ئەمین بەردەوام بوو. پاشان هەریەک لە هاوڕێیان ئیبراهیم حسێن و مستەفا ناسراو بە مستەفا هەژدە و کەماڵ شوان و ڕەزای کەمانگەر و ئاڵا فەرەج یادەوەریەکانیان بۆ ئامادەبوان گێرایەوە. بەرنامە بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال کۆتایی هات. ئەوەی شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هێلسینکی و شارە دوورەکان هاتبوون بۆ بەشداری ئەم مەراسیمە و ئەمەش بەهۆی ئەوەی هاوڕێ گوڵزار کەسایەتی بەرجەستەی ریزی کرێکاران و ئینسان دۆستان بوو.

**بەریتانیا:**

### مەراسیمی ڕێزلێنان لە هاوڕێ ( گوڵزار حەمەڕەفیق عارف ) لە بەریتانیا

ڕۆژی ١٩/١١ بۆ ڕێزلێنان لە ژیان و کارو هەڵسوڕانی خاباتکارانەی هاوڕێ گوڵزار لەیەکێک لەهۆڵەکانی زانکۆی لەندەن لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕێکخراوی بەریتانیا، مەراسیمێک سازدرا.

سەرەتای مەراسیمەکە نوری بەشیر، پاش بەخیرهاتنی ئامدەبوان و دەستخۆشیان بۆ بەشداری لەگیان لەدەستدانی هاورێیەکی ئازیزو کرێکارێکی کۆمۆنیست، قسەوباسێکی کورتی پێشەکەش کرد، کە جێگاو رێگای بەرز نرخاندنی هاوڕێ گوڵزار لەوەوە بوو، کە کرێکارێکی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوێکی شورایی و کادرێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، ئەم جێگایەی هاوڕێ گوڵزارو هاورێکانی بوو کە لەکوردستان دەسەڵاتدارانی حزبە قەومیەکانی نیگەران کرد و لەزۆر شوێن حزبەکەی هاوڕێ گوڵزاریان بەتوندرەو ناو دەبرد، ئەم حزبە توند ڕەو بوو لەبەرئەوەی دیفاعی لەدنیایەکی باشتری شیاوی ئینسانی دەکردەوە، کەژنان و مناڵان و کرێکاران لەکوردستان لەسەرەتاییترین مافی ئینسانی بێبەشبوون، ئەم حزبە توندرەو بوو کەدەیوت کۆمەڵگای کوردستان بەدەست ئەم حزبە ناسیونالسیتە کوردانەوە، ئایندەیەکی باش و رۆشنی نابێت و وەکو ئاخرین عادەتی حزبەکانی کوردایەتی کەکردیان 16ی ئۆکتۆبەر بوو...، بۆیە هاورێ حزبیەکانی هاورێ گوڵزاریان تیرۆر کرد.

مەراسیمەکە بە سرودی ئینەتەرناسیونال و دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی هاوڕێ گوڵزارو گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەست پێکرد. بەدوایدا ژیاننامەی هاوڕێ گوڵزار لەلایەن هاوڕێ ئیبراهیم محەمەدەوە خویندراویەوە. وە شیعرێکی کاک مەجید، برای هاوڕێ گوڵزار لەلایەن هاوڕێ سۆزانەوە خوینرایەوە.

پاشان بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزب لەسەر گیان لەدەستدانی هاوڕێ گوڵزار لەلایەن هاوڕێ دەشتی جەمالەوە دوای بەخێرهاتن و سوپاسی ئامادەبوانی کرد، خویندرایەوە. بەدوایدا پەیامی خانەوادەی هاوڕێ گوڵزار لەلایەن هاوڕێ شنروێ ئەمینەوە خوێندرایەوە.

پەیامی مەکتەبی سیاسی حزبە لەلایەن هاوڕێ موحسین کەریمەوە بەشێوەی فیدیۆیی کەنێرابوو بۆ مەراسیمی هاوڕێ گوڵزار لە لەسلاید شۆوە نیشاندرا.

پاشان کاتی پەیام و یاداوەری حزب و کەسایەتی دەستی پێکرد و سەرەتا هاوڕێ ئیبراهیم محەمەد دوو پەیامی ڕێکخراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و کەنەدا و بڵاوکراوەی بۆپێشەوەی خوێندەوەو بەدوایدا هاوڕێ سەعید ئارمان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حیکمەتیست، بەناوی خۆی و حزبی حیکمەتیستەوە، پەیامێکی داو لەقسەکانیدا لە ئاشنایەتی خۆی بۆ هاوڕێ گوڵزارو بنەماڵەکەی و جێگاو ڕێگای ئازایخوازی و کۆمۆنیستیانی باسکرد، وە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و هاوڕێیان ودۆستانی هاوڕێ گوڵزار کرد. پاشان شیعرێکی هاوڕێ حەسەن مارف، لەلایەن هاوڕێ ئیبراهیم محەمەدەوە خوێنرایەوە.

پاشان پەیامی هاوڕێ کامیل ئەحمەد لەرێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕۆژنامەی الی الامام لەلایەن هاوڕێ ئیبراهیمەوە خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی هاوڕێ بەختیار پیرخضری بەناوی خۆی و نوێنەرایەتی لە تەشکیلاتی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی حیکمەتیست خەتی ڕەسمی پەیامێکی دا، لەقسەکانیدا وتی کە ئەگەرچی من ڕاستەوخۆ هاوڕێ گوڵزارم نەناسیوە بەڵام خەبات و هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی و کرێکاری هاوڕێ گوڵزار لەکۆمەڵگای کوردستان گرنگ و گیان لەدەستدانی وەک کەسێکی کرێکاری کۆمۆنیست و هەڵسوڕاو نارەحەتی و خەسارەتێکی گەورەیە.

هەروەها لەیاداوەریەکاندا، هەریەکە لەئیبراهیم محەمەد، سەعید ئارمان، نوری بەشیرو گۆنا سەعید بەناوی خۆی و هاوڕێ سەوسەن سەلیم لەرێکخراوی کوردو ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە ئیبراهیم و گۆنا بۆ ماوەی دەیەیەک کارو خەباتی پێکەوەییان لەگەڵ هاوڕێ گوڵزارو هاوڕێ هیوا جەمیلی هاوسەریدا بەسەر بردوە، هەریەکە لەگۆشەی جیاجیاوە باسی دەورو جێگای خەباتکارانەو ماندونەناسانەی هەریەکە لەهاوڕێیان گوڵزارو هاوڕێ هیوا جەمیلیان باسکرد.

هەروەها پەیامێک و مەدالیای ڕێزلێنان کەلەلایەن هاوڕێی پەیکەرتاشی بەتواناوە بۆ هاوڕێ گوڵزار کرابوو نیشاندرا.

لەماوەی دوو کاتژمێری مەراسیمەکەدا بەنیشاندانی سلاید شۆیەکی وێنەیی ئامادەکردبوو لەسەر ژیان و هەڵسوڕانی هاوڕێ گوڵزار، کەتێیدا هەڵسوران و چالاکیەکانی تایبەت ئامادەکرابوو بۆ مەراسیمی کەنەدا بە مۆسیقاوە نیشانداران و بینراو بیسترا.

بەسرودی ئەنتەرناسیونال و راوەستان بۆ گیان هاوڕێ گوڵزار کۆتایی بەمەرسیمەکە هێنرا.

# درێژەی.... هەواڵی توندوتیژی لە بەرامبەر ٢ ژن لە هیندستان و ئیرلەند...

کورەکەشمی وا مێشک شۆردۆتەوە کە منی ناوێت و رێگە نادات من تەنانەت دەستیشی بکەمێ. من کوڕی خۆمەو دەمەوێت. هەروەها مێردەکەم پێی گوتم ئەگەر داوای هاوکاری لە پۆلیس بکەم و ئەو شتە بڵاوبکەمەوە ئەوا دەمکوژێت. ڕەشمی گوتی کە مێردەکەی پێی گوتووە "ئای کە چەند جیهاد کردنم خۆش دەوێت".

مێردەکەم نۆڤەمبەری ١٧، ٢٠١٧ پێی گوتم " دەبێت ماڵ بەجێ بێڵم. کە وتم بۆ؟ ئەو وتی ئەگەر نەبیت بە موسڵمان ئەو شتانە ڕوودەدەن"! سەنجای لەدەم نوێنەری پۆلیسی مۆمبای بە پرێس ترەست هیندوستانی ڕاگەیاند کە کاری سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەوە بکەن کە ئاسیف گوتویەتی " من جیهادم پێ خۆشە" .

"جیهادم خۆش دەوێت" دەستەواژەیەکە کە بەشێک لە موسڵمانە هیندیەکان فێرکراون و سوودی لێ دەبینن بۆ مارەکردنی کچانی هینۆسی تا ببن بە موسڵمان و ئاینی خۆیان بگۆڕن. وە پیاوە موسڵمانەکان کە سەرکەوتن بەدەست دێنن لەوبوارەدا ئەم کارە بە بەشێک لە جیهاد دەزانن و لە لە لایەن خوداوە پاداشت وەردەگرن..

شایەنی گووتنە کە تا ئەم لەحزەیەش هیچ کۆمێنتێک لە لایەن مێردی ژنەکەوە نیە.

**دایکێکی گەنج کە بووە بە موسڵمان و دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ڕۆژئاوایی پێشووی، دەدرێتە بەر چەکوچ و دەکوژرێت.**

**/ ١٧ی نۆڤەمبەر Virginia Hale٢٠١٧**

https://www.thetimes.co.uk/

ئەمە وێنەی ئەو دایکەیە کە لە لایەن مێردەکەیەوە، چەکوچکاری کراو کوژرا، لەبەرئەوەی دوای موسڵمانبوونی گەڕاوەتەوە سەر شێوەژیانی پێشووی.

شنەید وودینگ( Sinead Wooding)،کە کچێکی ئاریشیەو لە شاری لیدز کە دەکەوێتە سەرووی یۆرکشیرەوە لە وەڵاتی بەریتانیا دەژیا. ناوی یەکەمی ئەو دایکە گەنجە لە زمانی ئایریشیدا ( خودا میهرەبانە )دەگەیێنێت. لە لایەن مێردە موسڵمانەکەیەوە دەدرێتە بەر چەکوچ و دەکوژرێت. ئەمەش تەنها لەبەرئەوە بووە کە شنەید گەڕاوەتەوە بۆ لەبەرکردنی شێوەپۆشاکی ڕۆژئاوایی پێشووی خۆی.

چیرۆکی کوژران و ئاشکرابوونی بکوژی شنەید هەر زوو کەوتە



سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو وێبسایتە گرنگ و پڕخوێنەرەکان لە نموونەی: بڕەیت بارت، تایم ، بی بی سی و پەمێڵە گێڵەرو چەندین شوێنی تر. گابریەلە سوێرلینگ و پەمێڵە گێڵەر و ڤێرجینیا هەیڵ زۆر بە ڕوونی و درێژی لەسەر ئەو ڕووداوەیان نووسیەوەو بە بەڵگەی دادگاوە سەلماندویانە کە چۆن ئەو ژنە کوژراوەو کێ کوشتوویەتی.

پەمێڵە گێڵەر لەو بارەوە دەڵێت: ئایە ئەمەیە ئایینی ئاشتیخواز و میهرەبانو لێبوردە "!!!

دایکێکی گەنج کە دەبێتە موسڵمان بە شێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێت لە لایەن مێردەکەیەوە. بە پێی ئەوەی کە دادگای بەریتانیا بیستوویەتی شنەید دوای ئەوەی کە دەستی کردۆتەوە بە لەبەرکردنی شێوەپۆشاکی ڕۆژئاوایی، مێردەکەی سەردانی کەسوکاری لێ قەدەغە کردووە. نیکۆلاس کامپێل، داواکاری گشتی، بە دادگای تاوانەکانی شاری لیدزی ڕاگەیاند کە (ئاکشار عەلی)، مێردی شنەید، بە چەکوچ لە شنەیدی داوەو دوایش بە چەقۆچەند جار لێیداوە ئینجا چووە لاشەکەی بردووە بۆ ناو لێڕەوارێک و لەوێ بەنزینی پێداکردە و ئاگری تێبەرداوە. بە پێی ڕاگەیاندنی تایمز، شنەید لە پرۆسەی بوون بە موسڵمانبوونیدا بووەو ناوی خۆشی لە شنەیدەوە گۆڕیوە بۆ (زاکیرە). لەو ماوەیەدا ئاکشاری تەمەن ٢٧ ساڵی ناسیوە کە ئەو لە ناو مارکێتێکی شاری لیدز دا خواردنی فرۆشتووە.

ئەو جووتە بە پێی یاسای ئیسلامی زەواجیان کردووە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥، بەڵام بە پێی ئەوەی کە دادگا بیستوویەتی پەیوەندیان باش وجیگیر نەبووەو توندووتیژی تێکەوتووە، ئەوەش ڕوون بۆتەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ مێردەکەی لە شنەیدی قەدەغە کردووە کە سەردانی کەسوکاری بکات.

داواکاری گشتی دەڵێت: شنەید چەند ڕۆژێک پێش کوشتنی دەستی کردووە بە گەڕانەوە بۆلەبەرکردنی پۆشاکی ڕۆژئاوایی. شنەید لە ١١ی مانگی مەی دا کوژرا لە ئاهەنگێک کە لە ماڵی هاوڕێی مێردەکەی کرا کە ناوی یاسەمین ئەحمەد بوو. یاسەمینیش وەک مێردەکەی شنەید ئینکاری ئەو کوشتنە دەکات بەدەستی ئاکشار.

دوای ئەوەی کە ئەو ژن و مێردە لە چێشتخانەی ماڵی یاسەمین لە کاتی ئاهەنگەکەدا لێیان بۆتە دەمەقاڵێ، خەڵک دەنگی تەپەی گوێ لێ بووە، و یاسەمینیش یەکسەر ڕایکردووە بۆ لایان لە چێشتخانەکەدا بۆ ئەوەی بزانێت چی دەکەن.

کاتێک کە یاسەمین دەگەڕێتەوە خەڵکەکە لێی دەپرسن ئەوە چی بوو؟ ئەو پێیان دەڵێت هیچ نەبوو تەنها شنەید بووە کە لە دەرگاکە هەڵەنگوتووەو سەلامەتیشە. هەر لە دوای ئەوەی کە یاسەمین بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە، بە ماوەیەکی کەم خەبەر بڵاو دەبێتەوە لە ناو ئاهەنگەکەدا کە شنەید ئاهەنگی بەجێ هێشتووەو ماڵی یاسەمینی بەجێ هێشتووە.

لەو بارەوە داواکاری گشتی شاری لیدز دەڵێت:" لە ڕاستیدا شنەید ئەو ماڵەی بە زیندوویی بەجێ نەهێشتووە. ئەو پێشتر لە جووڵەیان خستووە ئەویش بە تەقاندنی کەلەسەری بەچەکوچ و دوایی بە تەواوەتی کوژراوە بە لێدانی چەقۆ چەندین جار لێیئدراوە."

هەروەها داواکاری گشتی درێژەی پێداو وتی " ئەگەر شنەید لەو کاتەدا کە چەقۆی لێدراوە چەندین جار هۆشی و ئاگای لەخۆبایە ئەوە حەتمەن هاواری دەکردو ئەو هاوارەشی لێ قەدەغە دەکرا. کەواتە چەقۆکانی کاتێک لێدراون کە هۆشی لە خۆی نەبووە. وە ئەو خوێنەی کە لە چێشتخانەکەدا دۆزراوەتەوە لە ڕێی( دی ئێن ئەی ) ڕۆشن بۆتەوە کە هەمان خوێنی شنەیدە". " ئەو بە یەک جۆر ئامڕازی تیژ کە مسۆگەر چەقۆ بووە چەندین جار لێی دراوە"

دوای دووڕۆژ لاشەی شنەید لە ماڵی یاسەمین شاردراوەتەوە و دوایی پێچراوەتەوە و وایەرپێچ کراوە و لە لایەن جیرانێکیانەوە بینراون کە بە دوو کەس بردوویانەتە دەر لەماڵ.

لە ١٤ی مەی ١٢٠١٧ دوای سێ ڕۆژ لە کوژرانی لاشەی سوتێنراوی شنەید لە ناو دارستانێکدا دۆزراوەتەوە لە لایەن کەسێکەوە کە بەرێکەوت بەوێدا ڕۆیشتووە و پیاسەی کردووە. وە ئەمەش بە دادگا گووتراوە

ئێستا کە ڕۆژی حەڤدەی مانگی نۆڤەمبەرە، وە دادگاییکردنی تاوانباران بەردەوامە، بەڵام هەر یەک لە دایکی مێردەکەو براکەیی و ماڵی یاسەمینیش ئینکاری هەموو شتێک دەکەن، و دەڵێن هیچ هاوکاری ئاکشار یان نەکردووە لە شاردنەوەو بردنی لاشەی شنەیدا.

تا ئێرە بە پێویستمان زانی بەردەوام بین وە ڕوونکردنەوە بدەین بەڵام: پرسیارێک کە لەوبارەوە دەبێ بکرێت ئەمەیە " ئایە ڕاستەوخۆ ئایین هاندەر و پاڵپێوەنەر نەبووە بۆئەو مێردە کە شنەید بکوژێت، ئەویش چونکە لە ڕێسای دابو نەریت واتە ئایینی لایداوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێ بێت، ئەدی ئەو هەموو بانگەشەیەی ئەو ئایینە لە کوێیە دەربارەی ئاشتیخوازی، لێبوردەیی وە میهرەبانی؟"

## درێژەی دوا وتە....

عێراقیش مێش میوانی نەبوو لەبەرامبەر ئەو هێرشە درندانەو پەلکیشکردنی فەرماندەو سوپای قودسی ئیراندا بۆ ناو عێراق و کوردستان... کاتێکیش قورمیشکرا، و بەدوا هێرشی سوپاو هێزێکی تایفی وەکو حەشدی شەعبی داعشی شیعیدا، بڕیاری نایاسی بوون و نادەستوری بوونی ریفراندۆمی ڕاگەیاند!!

دادگای فیدرالی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٥ وە تا ئیستا، لەبەرامبەر دەیان تاوانی ئاشکرادا، هیچ ڕۆڵێکی نەبووە... لەبەرامبەر دەیان میلیشایی ئینسان کوژی قەومی و مەزهەبیدا، کە شەری تایفیان وەرێخست، بەسەدان هەزاران ئینسانیان سەربری و خەڵتانی خوێن کرد... بێدەنگ بووە. لەبەرامبەر دەستیوردانی ئاشکرای وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتیش ئێراندا، بێدەنگە. داگیرکردنی چەندین کێڵگەی نەوت بەدەست میلیشیا شیعەکانی خواروی عێراق و تاڵانکردنیدا، بێدەنگە. لەبەرامبەر دروستبوونی هێزی تایفی وەکو حەشدی شەعبی شیعی لایەنگر بووە. لەبەرامبەر لوشدانی نزیک بە ٨٠٠ ملیار دۆلاری داهاتی خەڵکی عێراقدا، جوڵەی نەبووە. لەبەرامبەر رادەستکردنی شاری موسڵ بەداعشدا ڕۆڵێکی نەبووە. هەر ئیستا لەبەرامبەر بە یاسای ئیغتیسابی مناڵانی نۆ ساڵاندا، کە براوەتە پەرلەمانەکەیان، بێدەنگە... لەبەرامبەر بە کوشتارو ئاوارەبوونی نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەسی هێرشی ١٦ ئۆکتۆبەر و سوتاندن و دەرکردنی هاوڵاتیان بێدەنگە... کەچی ئەم دادگا فشۆڵ و قورمیشکراوەی شیعەی سیاسی باسی نادەستوری بوونی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان دەکات. ریفراندۆمێک لە زیاتر لە سێ ملیۆن ئینسان تیایدا دەنگیان بە بەڵێ داوە و خودی ریفراندۆمەکەو ئاکامەکەی هێزی یاسایی هەڵوەشاندنەوەی چەندین دادگای ئاوا موچەخۆری هەیە. ریفراندۆم لەرێگای بەکارهێنانی هێزی چەکداریەوە ئەنجام نەدرا، بەڵام دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی شیعی بە هێرشی سەربازی بۆسەر خەڵکی کوردستان و لەژیر ناوی بەرگری لەیەکپارچەیی عێراق و بۆ تەمێکردنی سەرکێشیەکانی هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد، دەستی بۆ هێزە چەکدارەکان برد، کە نەک هیچ پاساوێکی یاسایی و دەستوری بەڵکو گاڵتەکردن و سوک نیشاندانی خودی دەستور و ڕۆڵی دادگای فیدرالیی نیشاندایەوە.

ئەوەی لەو نێوەدا جێگای هەڵوێستەی جدییە، بوەدڵی و ڕۆڵی خیانەتکارانەی هەندێک حزبی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن و ئەو سەرۆک کۆمارو وەزیر و ئەندام پەرلەمانە کوردانەی پەرلەمانی عێراق و ئەو ریزە لە نوسەرو بەناو نوخبەو رۆشنبیرانی کوردن، کە لەبەرامبەر بەو تاوانکارییە گەورەیەی دەرهەق بەخەڵکی کوردستان کراو بەردەوامە، لە داگیرکاری و تەعریبەوە بۆ رەودونان و ئاوارەیی سەدان هەزارییدا، نەک بێدەنگ، بەڵکو لایەنگری لە عەبادی و کردەوەکانی دەکەن یان پاسای بۆ دەهێنەوە... ئەو بەشە وەکو پێشتریش لەوتارێکی تردا وتومە، لە وەزیرو ئەندام پەرلەمانی ژیر سایەی سەدام حسێنی گوڕبەگۆرکراودا، سوکتر و خۆفرۆشتر و تاوانبارتر و لایەنگری لە دیکتاتۆریەتن لەدژی خەڵکی کوردستان. هیچ رەخنەو نارەزایەییەک لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و کاروکردە سەرکوتگەرانەو رەفتار و دزی و گەندەڵی و تاوانکاریەکانیان، رەوایەتی نادات بۆ بەرگری لە هیرش بۆسەر خەڵکی کوردستان و پشتیوانیکردن لە عەبادی کریگرتەی ئیران...

ریفراندۆم مافی خەڵکی کوردستان و ئاکامی ئەو ریفراندۆمەش دەستکەوتێکی حاشالێنەکراو و قابیلی هەڵوەشاندنەوە نەک نییە، بەڵکە پیداگری لەسەر سەربەخۆیی بە پشتیوانی ئەو ئاکامەی لە ریفراندۆمدا بەدەست هاتووە، هەم بڕیاری دادگای فیدراڵی پوچەڵ دەکاتەوە، هەم لایەنگرانی داگیرکاری کوردستان و عەبادی ریسواتر لە بەعسیەکانی سەردەمی سەدام حسێن دەکات. دادگای فیدرالی و هەموو بریارەکانی ئەو دادگایەش نایاسایین و بریاری سیاسی و تۆڵە ئامێزن...

دوا لاپەڕە
ژمارە (17) 1/12/2017
بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نوسەرانی ئەم ژمارەیە: نوری بەشیر، عەبدوڵا مەحمود، سالار حەمە سەعید، هەتاو عەبدوڵاهی، لاوژە جەواد، شوان عەزیز، سەرگوڵ ئەحمەد، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، ئاراس ڕەشید
بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەسەرنووسەرەوە:
0046737403392

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحموود
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# هاوڕێ گوڵزار پێش ئەوەی بۆ یەکجاری بەجێمان بهێڵێت تەواوی سامانەکەی بەیەکسانی بەخشیە هەمووان

**نووسینی: سەرگوڵ ئەحمەد**




سامانەکەی هاوڕێ گوڵزار جیاواز بوو، کۆشک وتەلەلارو زەوی وپارەی کەڵەکە کراوی بانقەکان نەبوو، ئاڵتون نەبوو! ئەو جیاوازی ئێمەی نەکرد لەگەڵ هیواو تۆلازو براو خوشکەکانی وسامانەکەی بەسەر هەمووماندا بەیەکسانی دابەش کرد. پێوەری ئەو بۆ دابەشکردنی سامانەکەی نزیکی خوێنی وبیروباوەڕو هاوحیزبی وڕێکخراوی نەبوو. هاوڕێ گوڵزارتەنها سامانێک کە بۆ خۆی هەڵ گرتبوو خەمەکانی ئێمەو خۆی بوو. دڵخۆشیەکانی بوو بە دڵخۆشیەکانی ئێمە، سامانەکەی گوڵە گیان دەریایەک بوو لە خۆشەویستی ومیهرەبانی وخەمخۆری بۆ هەموان. ئەو خۆشەویستی ئەداینی بەبێ بەرامبەر، لە خەم وناخۆشییەکانماندا شەریک دەبوو بێ بەرامبەر. میهرەبانی خۆی بۆ ئەنواندین بە بێ بەرامبەر، هەموو ئەوانەی کە بۆ چەند ساتێکی کورتیش گوڵزاریان بینیبێت دڵنیام بەشێک لەو خۆشەویستی ومیهرەبانیە یان پێ گەیشتوە. لەم دونیایەدا کە کەس هیچ ناکات بە بێ بەرامبەر، بەڵام ئێستا هەموان بێنیمان کە سامانەکەی گوڵزاری ئازیزو خۆشەویستی هەموان لە هەموو سەروەت وسامانی هەموو سامانداراکانی دونیا بەنرخترە. ئەو بەڕاستی کۆمۆنیستێکی هومانیست بوو.
گوڵەگیان لە مێژووی کارکردنی لە کارگەو لەکاتی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەی وحیزبیدا بەگیرفان وسک وسفرەی خاڵی هەرگیز ڕۆژێک نەوەستا لە کارو خەبات. لەبەشداری لە نارەزایەتیەکاندا پێشەنگ بوو. ئەو هەرگیز چاوی لە پلەو پایەی حزبی نەبوو ماندو نەناسانە وەک سەربازێکی ون بۆ ئازادی ویەکسانی وخۆشگوزەرانی خەباتی دەکردو تێ ئەکوشا. هەمیشە ماڵە سادەو ساکارەکەیان لەلایەک شوێنی کۆبونەوەی ڕێکخراوەیی وحیزبی بوو، لەلایەک شوێن وپەناگای ئارامی ئەو ژنانە بوو کە لە دەم چەقۆی کۆنەپەرستی وپیاو سالاری پەنایان بۆ ڕیکخراوی سەربەخۆ و سەنتەری پارێزگاری ژنان هینا بوو.
پاش ئەوەی کە عێراقیان بەجێهێشتوو ڕۆشتنە وڵاتی تورکیا. سەرباری ئەو هەموو مەترسیە سیاسی کۆمەڵایەتی وئابوریانەی لەسەریان بوو وە بۆ زیاتر لە چوار ساڵ لە تورکیا مانەوە، هەرگیز ژیانی چاوەڕانی بێ ڕەحمی کوشندەی پەنابەری نەیتوانی زەرەیەک لە باوەڕو ئیرادە ی هاوڕێیان گوڵزارو هیوا کەم بکاتەوە، وە بەردەوام بوون لە کارو خەبات وکۆمەککردن بە پەنابەران. وە لە پاش هاتنیان بۆ کەنەدا هەرچەندە بەخت یاوەریان نەبوو هەرزوو توشی ڕوداوی نەخوازراو بون وهاوڕێ هیوا قاچی شکاو بەهۆی زستانی سەختی تۆرۆنتۆوە هاوڕێ گوڵزاریش لەکاتی گەڕانەوەی لە شوێنی کارەکەی کەوتوو دەستی شکا. بەڵام ئیرادەو تواناکانی هاوڕێ گوڵزار زۆر لەوە زیاتر بوو کە لەگەڵ هاوڕێ هیوا بە خەندە شیرینییەکانیان بەسەر ئەو کارەساتانەشدا زاڵ بن و هەر بەردەوام بوون. چرای وئومیدو خۆشەویستی و تامەزرۆیی وئومیدیان بە ژیان، هەمیشە بووبووە جێگای سەرنجی دەوروبەرەکەیان، ئەوە تەنها مشتێک بوو لە خەرواری نەهامەتیەکانی ژیانیان.
بەڵام کاتێ لە دەرگای ماڵەکەیانت دەدا و هەرکاتێک کە گوڵزارت ئەبینی کە خەندەی لێوەکانی و ڕوخسارە پڕ لە میرەبانی وبەرائەتەکەیت ئەبینی ئومید وهێزت لێوەردەگرت.
گوڵزاری هاوڕێ و هاوخەباتم لە هەموو نارەزایەتی وبۆنە کانی ٨مارس و١ئایارو پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات ودواتر لە خۆپیشاندانەکانی بەرگری لە کۆبانی لە ڕۆژانی بەفرو ساردو سۆڵەی شاری تۆرۆنتۆ لەگەڵ هاوڕێ هیوا بەردەوام و ئامادەبوو. لە دواین چالاکییەکانی هاوڕێ گوڵزار کە بۆ پشتیوانی لە خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و ئاوارە کانی شاری کەرکوک و دەوروبەری کە لەگەڵ هاورێیان ڕۆشتین بۆ ئۆتاوا لەوێ لە بەردەم قونسوڵیەی عێراقی گوڵە گیانم بینی کە بە هەمان جارەکانی پێشوو وەک کادرێکی کۆمۆنیست و ژنێکی ئازاو لەگەڵ هاورێیاندا ڕاوەستا بوو باوەشمان کرد بە یەکدا، پرسیارم لێکرد گوڵە گیان تۆ چۆن توانیوتە بێت بەو نەخۆشی یەتەوە؟، زەردەخەنەیەکی پیشان دام و گوتی گوڵە گیان ئەی ئەگەر ئێمە نەیەن کێ بێت !! بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵی کردم و ئومێدی پێ بەخشیم .
ئیستا گوڵزار ئیتر لە گەڵمان نیە، گوڵزار بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین بە جەستە، بەڵام بەرهەمێکی باشی بۆ بەجێهێشتین کە سەروەت وسامانەکەی بۆ هەمیشە بەشی هەموومان دەکات ولەگەڵماندا ئەمێنێتەوە.
هاورێی ئازیز گوڵە گیان جیگای خاڵی تۆ پڕنابێتەوە، بەڵام ڕێگاو ڕێبازی ئینسانی وسوسیالیستی تۆ هەر بەردەوامە، ئێمەش ڕێبواری ئەو ڕێگایەین هەتا دوائامانج ودوانەفەسمان، هەتا دامەزراندنی دونیایەکی بێ چین وچەوسانەوە بەرداوام دەبین، بۆئەوەی میهرەبانی وخۆشەویستی و لێبوردەیەکەی تۆ ببێتە کەلتوری هەمووان.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 2017-12-13**

دوا وتە

# دادگای فیدرالی و هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی ریفراندۆم... !!

**عەبدوڵا مەحمود**

دادگای فیدرالی عێراق، بەرواری ٢٠ی نۆفەمبەر، بریاری نایاسایی بوونی ئاکامی ریفراندۆمی ٢٥ سێبتەمبەری راگەیاند و ئەو ریفراندۆمەی بە نادەستوری ناساند و بریاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی... چ دادگایەکە؟
ئەگەر لەوە بگوزەرێن کە یاساو دادگای سەربەخۆ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پەیرەوی لە سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمە، دەکات و بەشێکە لە روبینای سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئابوری و چینایەتی. ئەوا ئێمە لەعێراقدا هێشتا لەگەڵ سیستەمێکی سیاسی یەکانگیر، دەوڵەتێکی پیناسەکراو، حکومەتێکی جێگیر، قەوارەیەکی دەوڵەتی بەرەورووو نین. یەکێک لە کێشە بنەرەتیەکانی نیوان سەرجەم بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، دیارە بە پشتیوانی وڵاتانی ناوچەکەو بلۆکە جیهانییە کاریگەردانەرەکان لەسەر عیراق ناوچەکە ململانییە لەسەر چۆنیەتی بیناکردنەوەی عێراق.
لەعیراقدا کە دەوڵەت پیکنەهاتوەتەوە، و لە جێگایدا ژمارەیەک میلیشیایی حزبی بە پشتیوانی هێزی چەکداری تایفی و قەومی و مەزهەبی و بەپێی دابەشی جغرافیا و پارچە پارچە بوونی دینی و مەزهەبی و قەومی، بە پشتیوانی و بریار و دەستیوەردانی ناوچەیی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپاندووە. واتە خەڵکی عێراق بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دەوڵەت و حکومەتێک بەرەو روونین... بۆیە رووبینای سیاسی و حقوقی و دادگا لەعیراقدا، پارچە پارچە و نایەکانگیرو نایاسایی و سیاسییە... زۆری هێز و دەسەڵات لەهەر بەشیکیدا پەیرەوی لە یاساو!! ریسای دڵخوازانەی ئەو هێزو دەستەو تاقمانە دەکات کە قەڵەمرەوی سیاسی ئەو جغرافیا سیاسیەیان لەژێر کۆنترۆڵدایە... ئەو هێزەش کە ناوەند واتە بەغدای جڵەوی ژیر دەسەڵاتی خۆی کردووە، توانیویەتی بریاری سیاسی و دەسەڵاتداریتی بەپێی هاوسەنگی هیزی چەکداری و پشتیوانی ناوچەیی لەدەستی خۆیدا مۆڵ بکات... دادگاو قەزا و یاساشی کۆنترۆڵ کردوەو وەسیلەیەکە بەدەست ئەو هیزە سیاسیەوە... لە عێراقی دوای بەعسدا، رەوتی زاڵ کە هەموو دەستی بەسەر هیزی چەکدار و دەزگا ئەمنی و ئاسایش و جومگەکانی دەسەڵاتی و بریاری سیاسیدا گرتووە، رەوتی ناسیونال- ئیسلامی شیعییە، بەو ئەندازەیەش کە دەستی بەسەر هێزە چەکدارەکان و دەسەڵات و بریاری سیاسیدا گرتووە، بەهەمان شێوەش سەرۆکی دادگاو زوربەی ئەندامەکانی و یاساو دادوەرەکان و لەژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزەدان و کاریان پارێزگاریە لەو هیزو دەسەڵاتە. بەواتایەکی تر روبینای سیاسی کە یاساو دادگا بەشیکیەتی، روبینای سیاسی هیزێکی میلیشیایی ئیسلامی سیاسی شیعی باڵادەستە لە ئێستادا... لەگەڵ گۆرانی هاوسەنگی هێزدا ئەویش دەگۆڕێت.
ئەو بریارەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی ریفراندۆم بریاری دادگای ژیر کۆنترۆڵی و ئیسلامی سیاسی شیعیەو بەو مانایەش بریارێکی سیاسییە، هیچ جۆرە سەربەخۆیەک و هیچ بنەمایەکی یاسایشی نییە. ئەو دادگایە دەزگایەکی حزبی و قورمیشکراوە و هەر بریارو مەسەلەیەک کە بەنامۆ بەدەسەڵاتی خۆیانی بزانن، یان ناکۆک بە بەرەژەوەندیەکانی خۆیان بێت... ئەو دادگایە دەکەویتە بەرامبەری و رەتیدەکەنەوە یان سزای یاسایی بەرامبەری دەگرنە بەر.
ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان... کە ٢٥ سیبتەمبەر ئەنجامدرا، جێبەجێکردنی پرانسیبێکی دیموکراسی جیگرو چەسپاو ڕێپێدراوی دنیای هاوچەرخە. دادگای فیدرالی عێراق بەر لە ریفراندۆم هیچ بریارێکی دەرنەکرد کە ئەنجامدانی ریفراندۆم نایاساییە... بەڵام کاتیک ریفراندۆم کرا، دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی شیعی، بەهاوکاری باڵێکی یەکێتی نیشتیمانی نانخۆری قاسم سلیمانی و ئیران، هیرش سەربازی کردە سەر کوردستان و چەندین شارو شارۆچکەیان بەزۆری چەک داگیر کرد... دیارە ئەو هێرشە سەربازییە بۆسەر کوردستان هیچ پشتیوانیەکی یاسایی و دەستوری بە پێی دەستورە... تایفی و قەومی و فیدرالیەکەی عێراقیش نەبوو... دادگای فیدرالی

بۆ لاپەرە ١١